ئەی گەمارۆدراو... بەم ئەفسانە خورافیو
ئەی ئالوودەبوو... بەم وەهمە نەعلەتییەوە!
ماسکەکانت فڕێدەو،
وەرە ناومەوە!
لەوێڕا سەردەمی ئاشووب... تێپەڕی!
لەوێڕا ساڵی تاعوونو
وەرزی فیتنە... بەسەرچوون!
وەرەو... با دڵت، لەباخچەکەدا بڕوێنم!



*"نازانم،*
*چۆن... بەم وەهمە نەعلەتییەوە گیرتکردم!*
*چۆن... بەناوی عەشقەوە فریووتدام!*
*ئاخر،*
*تۆ... لەجنسی کامە خوداوەندەوە هاتیتو*
*تۆ... سەربەخێڵی کامە جادووگەر بوویت؟*
*هەرگیز ئەو بەیانییەم لەیاد ناچێ،*
*کەچەند بەشپرزەییەوە هاتیتو*
*منیش... چەندە مناڵانە،*
*دڵم... بەوهەموو تەڕاییو*
*بەوهەموو عەشقو*
*بەوهەموو یادەوەرییو بۆنەی ئەوەوە،*
*تەسلیم کردیت!*
*خودایە... تادەگەمەوە،*
*ئەم گوناهە پڕ لەخەتا ساویلکانەیەم،*
*بە"ئەو" بگەیەنە!"*

لەخەونمدا بەیانییەک،
بەهەشت... بەخۆیی‌و
چی ڕووناکی‌و
چی شەونم‌و
چی نووریەوە... هەیە،
مژدەی کۆتابوون‌و ڕەوینەوەی،
تەواوی ئەو وەهمانەی داینێ..
کەڕۆژگارێک، پێیانەوە گیرۆدە بووین‌و
ڕۆژگارێکیش، پێیانەوە گوناهبار!
وەرە ناومەوەو
لەخەتاو گوناهی،
هەموو ئەو سەدانەت خۆشدەبم،
کەلەژێر باران‌و
لەبەر (با)دا،
ژوور بەژوورو
شەقام بەشەقام‌و
شار بەشار... دەتگێڕام!



دەتگێڕام‌و یەک بەیەک،
مێژووی ئەو ئەفسانە دێرینانەت پیشانئەدام،
کەچۆن خودا،
لەباخێکی سەرمەدیدا هەڵیگرتوون‌و
ئەوانیش لەحەژمەتا،
بەپیرۆزی ڕازی بوون!
تۆ سەیرکە،
گوناه بەناوی عەشق‌و
خەتا بەناوی ئاوێتەبوون‌و
گەمژەیی بەناوی حەقیقەتەوە،
چ خوانێکی گەورە دەڕازێنێتەوەو
چ نمایشێکی فەنتازی... پێشکەش دەکەن،
لەسەرزەمین‌و
لەناو وجودا؟
وەرە ناومەوە... ئەی سێبەری بەدا!
لەژێر تریفەی ئەم مانگە شەوەداو
لەناو گۆرانی‌و سەمای،

ئەم دەنگە ئەفسانەییە گوناهبارەو
ئەم ڕەنگە خورافییە خەتاکارەیا!
وەرە ناومەوە،
تـــــا،
حەوسەڵەم بۆ پاکبوونەوەتو
مەیلم لەبەخشینت هەیە!
من دەتبوورم!
دەتبوورم لەوعەسرانەی،
کەوەک سێبەرێکی دۆزەخی هاتیتو
بێوچان هەوڵتدەدا،
حەقیقەتو پاکیزەیم تیادا بکوژیتو
بێوچانیش دەتکۆشا،
تەسلیم بەم وەهمە نەعلەتییەم کەیت!
ئەی دووگیان..
بەوەهمی گوناەو خەتاکانی،
ئەو ڕۆژگارە جهەنەمییانە!
من... ئێستاکە گەورەبوومو، ڕازینیم!



گەورەبوومو، لەتوانامدا هەیە بتبوورم!
بتبوورمو
بەئاراستەی ئەو ڕووبارانەوە سەفەرت پێبکەم،
کەپاکتدەکەنەوە لەگوناە!
لەتاقەتمدا هەیە،
بتخەمەوە ناو حەقیقەتو
شەرابی ئەو بەهەشتانەت بدەمێ،
کەڕووتتدەکەنەوە لەخەتا!
پێمدەکرێ،
بۆ هەمیشە..
مانگ لەسەرشانەکانت دانێمو
دڵت لەباخچەدا بڕوێنمو
بۆ هەمیشەش... ماڵت پڕکەم،
لەبۆنی سووری گوڵو
لەتامی تەڕی گێلاس!
تا هەستکەیت،
خەریکە دەبیتە... چ تۆزێکو

چ هەڵمێک،
لەنێو خورافەی... ئەم وەهمە پوچو
ئەم ئەفسانە، دێرینانەدا!
ڕازی مەبە، بەم پیرۆزییەی خودا!
تەوەللابە، لەم باخچە جاویدانییە!
وێڵیانکەو بیاندە بەرنەفرەت!
تا پێتدەکرێ، بیانبوغزێنە!
تا لەتواناتدا هەیە، قینیان لێهەڵگرەو
ڕۆژگارە خۆشەکانیان... بدەرە بەر "تف"!
هاوڕێمبەو بابفڕین،
تاکو هەڵی نەکردۆتەوەو
تاکو دەستی نەکردۆتەوە، بەبارین!
هاوڕێمبەو باڕاکەین،
بەپێچەوانەی هەڵکردنی خەتاوە!
بابڕۆین،
بەپێچەوانەی بارینی گوناهەوە!
هاوڕێمبەو،



ئێرە سەرزەمینی گوناهبارانو خەتاکارانە!
چیدیبەم مانەوەیەت ڕازی مەبە!
من... گەورەبوومو
ئیدی ڕازینیم!
گەورەبوومو
گەرەکمە بگەڕێمەوە!

*** *** ***

کاتێک گەڕامەوە،
کۆڵان پڕبوو... لەگریانو
لەدەنگە دەنگو
لەبۆنی خورافەو
نهێنییەکانی "ئەو"!
وەک هەمیشە کۆڵان هەموو شتێکی لێبوو،
"ئەو" نەبێ!
ئێستاش ئەو قسەیەم لەیادە

کەڕۆژانە تێکەڵ دەبوو،
لەگەڵ دەنگە دەنگی،
ئەو مامۆستا دەنگگرەی، کەدەیگووت:
ئادەی منالّینە،
بزانم کێ لەئێوە،
ئێواران دەتوانێت بێتە سەری دێڕو
هەربەدەم فڕینەوە،
بەشی کەوانەیەک،
ئاسوودەیی لەچۆلەکەیەک بسێنێ؟
یان... هەرنەبێ،
لەپشتی فاریزەیەکەوە،
سوزگییەک پڕکات،
لەدڵخۆشی هەنگێک،
کەوەختێ... بەخۆیو
بەبێدەنگییە کوشندەکەیەوە،
سەردەکاتەوە بەماڵا؟
یان... کامەتان لەتوانایدا هەیە،



ڕۆژێک جانتاکەی پڕکات،
لەئارامی باخچەو
هەرچی بۆشایی ناو کتێبو دەفتەرەکانیشی هەیە..
پڕیانکاتەوە،
لەسێبەری دارهەنجیرو
لەگەڵای وەریوی ناو حەوشەکەیان؟
ئادەی منالّینە،
بزانم کێ لەئێوە...!
بزانم کێ...؟
بزانم...؟!
"ب . ز . ا . ن . م ـــ کێ لەئێوە؟"
ئێستاش ئەوقسەیەم هەرلەیادە..
کەڕۆژانە تێکەڵ دەبوو،
لەگەڵ هاوارو بۆڵەبۆڵی،
ئەو سەربازە هەڵهاتووە پەشیمانانەی
کەلەحەسرەت،
تەنهایی خۆیانو

پوچی ژیان،
جەنگییان دژی درەوشاننەوەو
جریوەی لەخۆڕای ئەستێرەکان... هەڵگیرساندبوو!
ئەو سەربازانە،
کەبەشێکیان لەئەفسانەو
بەشەکەی تریشیان، لەتەم چنرابوو!
هێندە تووشی بەدحاڵیبوون هاتبوون،
لەشەڕی بێمەودای نێوان،
پوچی خۆیانو
حەقیقەتی ئەستێرەکانا،
وەختێ... کەڕادەبووردنو
وەختی... کەگوزەرییان دەکرد بەنێو کۆڵاندا،
وەک شتێ بڵێی،
بەشێک لەبەدحاڵیبوونەکەی خۆیانو
جۆرێک لە'پەتا'ی جەنگەکەیان،
بەنێو ماڵەکاندا دابەشدەکردو



دەیانبەخشییەوە بەسەرکۆڵاندا!
ڕاستەوخۆو چەند چرکەیەک..
بەرلەتێپەڕبوونی قافڵەی شکست خواردوویان،
کەسێک... وەک ئەوەی،
بەبۆنی بەدحاڵیبوونی سەربازەکانو
بە'پەتا'ی جەنگەکانیان،
ئالوودە بوبێت!
یان... خنکابێت،
دەمردا!
ئیدی کۆڵان پڕدەبوو،
لەقیژە قیژو
لەگریانو
لەهاتو هاوار!
کتومت دەتگووت:
ئەو سەربازانە،
قیامەتیان بەدووی خۆیاندا هێناوە!
یان... دەتگووت:

ئەوە پاڕانەوەو نزای ئەستێرەکانەو
لەکۆڵانەکەمان گیرابووە!
دایکم،
پاش مردنی هەرکەسێک لەکۆڵانەکەمانداو
پاش چەندڕۆژێک لەتێپەڕبوونی ئەو کارەساتانە،
دەکەوتەوە یادیو
بەدەم هەنسکو گریانەوە،
دەستی دەکرد،
بەگێڕانەوەی حیکایەتی مردنی،
براکانمو خوشکەکەمو باوکم!
لەپاش تەواوبوونی چیرۆکی مەرگی هەریەکێکیشیان..
ڕووی دەکردە ئاسمانو
تادرەنگانێک،
سەری هەڵدەبڕیو
چاوەکانی دادەخستو
دەمی پڕدەبوو... لەدوعاو
سەرسنگو باوەشیشی،



تەڕتەڕ دەبوون... بەپاڕانەوە!
دایکم هێندە دەستەکانی بەنزاوە دەمانەوە،
هەندێکجار... وەک بڵێی:
دەستەکانی بەئاسمانەوە گیربوبێ،
یان... بەبنمیچی ژورەکەمانەوە نوسابێت
یان... هەرخۆی بەداڵغەدا چووبێت، وەهابوو!
وەختێکیش، کەدەستەکانی دادەگرتنەوە
ناودەستی پڕدەبوون،
لەبریسکەی ئەستێرەو
پەنجەکانیشی... پڕ لەموستیلە!
دایکم، هەمیشە دەیگووت:

*"لەبیرەوەری مندانی‌یە،*
*کەڕۆژێک خۆشیم بەم کۆڵانەنەعلەتی‌و شووەمو،*
*پڕ لەخورافەیەدا... هاتبێت!*
*ئەم کۆڵانە،*
*پڕە لەئەفسانەو*

*پڕە لەتەمو*
*پڕە لەونهێنیانەش،*
*کەهەرگیز خودا... خۆشی لێیان نایەت!*
*ئیدی چۆن خودا،*
*میهرو نووری خۆیمان... بەسەردا دەبارێنێ؟"*

دایکم بەردەوام،
بەدەم هەنسکو
بەچاوی گریاناویو
بەدەستی پڕ... لەموستیلەو لەئەستێرەوە،
قسەی دەکردو، وەک شتێ بڵێی:
ئیدی،
مێخەکەکەی ملیو
شەونوێژەکانیو
ڕەنگی لەچکەکەیو
گوڵی ناوکراسەکەیو
بۆنی خەنەکەی قژیو



نوقڵو مێووژی ناوگیرفانەکانی،
هیچ سەبوورییەکی نەدەنەوەو
هیچ ئارامییەکی پێنەبەخشنو
نەشیەوێت،
لەگێڕانەوەی "حیکایەتی کۆڵان" بوەستێت،
دەیگووت:

*"تەمو غوبار،*
*وەک بڵێی... بەشێکی جیانەبووەوەبن،*
*لەقەدەرو پێکهاتەی ئەم کۆڵانەو*
*هەر لەگەڵ دروست بوونو گەورەبوونیشیدا،*
*ڕۆژبەڕۆژ، ئەوانیش چڕتربوو بێتنەوە... ئاوهابوو!*
*ساتێک چی یە؟*
*لەیادەوەریو لەزاکیرەی مندا نی یە،*
*وەختێک کەبەنێو کۆڵاندا ڕۆیشتبێتم،*
*یان،*
*هەر لەدەرگاوە،*

*ناوەختێک سەرێکم کێشابێتە دەرەوە،*
*تەمو غوبارم... لەوپەڕی چڕیو*
*لەوپەڕی هوروژمو*
*لەوپەڕی توڕەیی خۆیاندا... نەدیتبێ!*
*من، ئێستاش گومانم هەیە!*
*براکانت، یان خوشکەکەت، یان باوکت،*
*بەوکوفرو جەنگو "پەتا" یانە، مردبێتن..*
*کەلەگەڵ تێپەڕبوونی "سەربازانیشووم"دا،،*
*هەڵیان دەکرد!*
*ئاخر... کێ چوزانێ؟*
*"سەربازانی بەدحاڵی" بەشێک نین، لەڕەگەزی تەمو*
*جەنگیشیان... لەتوخمی غوبار؟*
*نا... من دەڵێم:*
*"ئەوان... لەنێو تەمدا بزربوونو*
*غوباریش، بەدووقسەی خۆش..*
*وەک مناڵێکی شەرمن... لەماڵ دەرپەڕاندوون!*



*هەرخۆبەخۆی خۆشیانو لەناو خۆیاندا،*
*سەرگەردانو وێڵیان کردوون!"*
*من، چەند جارێک ئەم حیکایەتەم بەخەون دیووە!*
*لەوخەونەشمدا،*
*ئەوان،*
*بەشێکیان ببون بە"هەڵمو تۆز"و*
*بەشەکەی تریشیان... بە"تەمو غوبار"!"*

ئێستاش ئەو قسەیەم هەر لەیاد ماوە..
کەڕۆژانە تێکەڵ دەبوو،
لەگەڵ دەنگە دەنگی،
ژنە موورووفرۆشە عاشقەکەو
پیاوە باخەوانە چاوباشقاڵەکەو
مناڵە سپیکەلانە ساحیرەکەو
کچە بەختگرەوە شەرمنەکەو
کوڕە شمشاڵ ژەنە تەنهاکە!
کەکۆڵانیان پڕدەکرد،
لەغەڵبەغەڵبو

وەک بڵێی بیەوێت،
بەنهێنی قسەکانی بکات،
دەیگووت:

*"ئەی کەنارگیرترین، مەعشوقی سەرزەمین!*
*بەردەوام لەنێوان منو تۆدا*
*یاسایەکی ئەفسانەییو*
*بیردۆزێکی خورافی... هەیەو*
*هەردەشمێنێ!*
*ئیدی واچاکە،*
*بەرلەتێپەڕینو*
*کۆتایی ئەم سەدەیە!*
*خۆت غافڵگیر نەکەیتو*
*کۆتایی،*
*یان... بەمێژوو بهێنی!*
*یان... بەخۆت!"*



ئەودەمە،
کۆڵان جمەی دەهات
لەهاواری ئەوانو
لەبۆنی بیرکردنەوەو
تەماشای پڕتاسەو
لەڕوانینی من!
زۆر لەدوورەوەو
هەندێکجاریش،
وەک ئەوەی دۆستێک بەگوێچکەما بچپێنێ
بەدەنگێکی ئاشنا بانگی دەکردمو
دەیگووت:

*"هێ... ی،*
*ئەی ئەوکەسەی دەزانم ڕۆژگارێک دێتو*
*تۆش... دەبیتە وێڵگەردو*
*گەڕیدەی نهێنییەکان!*
*هەمیشە لەنێوان منو تۆدا،*

*شتێک..*
*قسەیەک..*
*خورافەیەک... هەیەو*
*تا ناکۆتاش، هەردەمێنیٚ!*
*لەکۆتایی ئەم سەدەیە، چاوەڕێمبە!"*

ئەو،
دەنگێک بوو لەئەفسانە!
کەسێک بوو لەتەم!
شتێک بوو لەخورافە!
هەرجارێک بانگی کردبام
یاخود... لەخەونمدا،
وەک سێبەرێکی کاڵو تەماوی بمدیبا،
بیٚ هیچ دوودڵییەک... دەتگووت:
هەرکەمێک بەرلەئێستا ناسیومەو
هەرگیز گومانم نەدەکرد،
کەهێندەی نەبردووە، خۆی پێناساندووم!



*"ئەو... لەدەستپێکی ئەم دەقەدا،*
*بەنێوی "شنەی ئەستێران" خۆیم پێدەناسێنیٚو*
*منیش... لەتەواوی قەناعەتمەوە باوەڕم بەوە هەیە،*
*کەهەرئێستاو*
*کەمێک پێش داگیرساندنی ئەم جگەرەیەم،*
*ناسیومە!*
*لەڕاستیدا،*
*من مەیلم بۆکێشانی جگەرە بەم ناوەختە نەبوو،*
*بەڵام ئاشنابوونم بە "ئەو"،*
*خستمییە سەرکەڵکەڵەو خولیای کێشانی!*
*هەرچەندە ئەوەشم لەیادە،*
*کەمن زیاد لەجارێک ڕێکەوتی ناسینی،*
*"شنەی ئەستێران"م کردووە!*
*وەلیٚ ئەوەی منیش دەخاتە نێو ئەم گومانەوەو*
*لەزیهنما تۆختری دەکاتەوە،*
*تەنها گومانی نوسینو*
*ئاڵۆزی ژیانو*
*پەرتوبڵاوی یادەوەریمە،*
*کەوام لێدەکات... بەم چەشنە، باوەڕبهێنم!"*

لەبانگەبانگو هاواری کەسێک، وەئاگاهاتم!
لەشپرزەیما... بۆنی خورافەو
لەووردبوونەوەو ڕوانینما... ڕەنگی نهێنیو
لەڕاچڵەکینیشما... دەنگێکی ئەفسانەیی،
بانگی کردمو
بەرەو لای خۆی، پەلکێشی کردم!
دەنگێک وەک ئەوەی،
لەسەر هەموو زەمیندا بیەوێ،
تەنهامن گوێم لێبێو
بەتەنهاش بیەوێ، لەگەڵ من بدوێ!
یەک بەخۆ هاواری دەکردو، دەیگوت:

*"مەرحەبا... ئەی دۆستی ئازیز!*
*چییە..؟*
*بۆ واپەشۆکاو دەتبینم؟*
*وەختە بڵێم: بمبەخشە!*
*دەڵێی: نامناسیت؟*
*من... "شنەی ئەستێران" م!*



*دڵم، لەتەمی سەر ئەوپەنجەرەیە دەچێت،*
*کەهەرکەسێک بەلایدا ڕادەبووریو*
*ڕازێکی لەسەر دەنووسێ!*
*من،*
*لەهەموو سەردەمێکو*
*لەهەموو جێگایەکدا، هەم!*
*وەلێ... هیچ سەردەمو*
*هیچ جێگایەک... هی من نین!*
*من... وەختێک دڵتەنگی دامدەگرێ،*
*کۆڵان پڕدەبێت لەتەمو*
*وەختێکیش مردن،*
*وەک تەنافی جاڵجاڵۆکە لەبیرکردنەوەمەوە دەئاڵێ،*
*تەواوی سەرزەمین*
*ئارەزووی گێڕانەوەی،*
*حیکایەتە فەنتازییەکانو*
*چیرۆکە ئەفسانەییەکان... دەکەن!*
*من... شەوانە گەلێکجار،*

*ڕێکەوتی شادمانیم کردووە*
*لەسەرلقی پیرترین درەختی ناوباخچەکانی شار*
*پێکەوە،*
*تا... دەرەنگانێکی شەو!*
*تا... سوبحو*
*تا... بەئاگاهاتنەوەی خۆر،*
*گۆرانیمانو تووەو*
*شیعرمان خوێندۆتەوە!*
*بەنۆرەش،*
*دەمێ... پێکەنیوینو*
*دەمێکیش... گریاوین!*
*هەندێکجاریش وەهاڕێکەوتووە،*
*ئێواران... درەنگانێک،*
*بەدەم خەیاڵو*
*بەدەم شیتەڵی، تازەترین بیردۆزی ئەفسانەییو*
*بەدەم بیرکردنەوە لەفڕینو*



*توانینەوەی بەدترین چارەنووس،*
*لەناو پەرداخێک "ئاو"دا!*
*وەک دڵدانەوەیەک،*
*لەترسی،*
*تاریکیو ڕقو تەنهایی..*
*لەسەوزەڵانییەکی دوورەدەستا،*
*بومەتە نیگابانی "جوانی"!*
*من،*
*لەتوخمی کتێبی پیرۆزو*
*لەڕەگەزی ئەفسانە دێرینەکانم!*
*بەرلەمن،*
*زەمین خاوەنی هیچ نهێنییەک نەبوو!"*

وایگووتو
وەک سێبەرێکی لەناکاوی هاوینان، دیارنەما!
کۆڵانەکەمان، وەک شتێ بڵێی:
تەواوی قسەکانی "شنەیئەستێران"ی بیستبێو

بەهاتنیشی،
هەستی بەتاوانو
پیس بوونو
گوناهێکی گەورە کردبێت... ئاوهابوو!
من لەدەنگی فیکەو "خودایە تۆبە"ی منالان و
لەگرژی دەموچاوو "ئەستەغفیروالله"ی ژنانو
لەتورەبوونو دەنگێکی تێکەڵ لەجوێنو
"لاالەالاالله"ی پیاوەکانیانو
لەکۆکەکۆکو گریانو "اللەاکبر"ی
پیرەپیاوانو پیرەژنانی،
هەمیشەیی بەردەرگای کۆلانەکانو
گەڕەکەکانی دراوسێمان،
بەئاگا هاتمەوەو بینیم،
دەستەکانمو
بەتێکەڵی...
بەشێک لەئایندەو
بەشێک لەڕابردووەمو



ڕوانینم،
وەک بڵێی:
بەبنکی دەریاوە نوسابێتو
بیانەوێ،
بەرلە تەواوبوونی... قسەکانی "شنەیئەستێران"و
بەرلە ڕەوینەوەی... غوبارو تەمی،
کەڵەکەبووی ناو کۆلان!
بگەڕێنەوە بۆ لام!
بەخێراییەکی بێئەندازە دەگەڕانەوەو
مشتیشیان پڕبوو،
لەخوێنو
لەقوور!
باوەشیشم،
تەڕ بەنوورو
قوڕاوی بەتەپوتۆزی کەسێک،
کەکتومت دەتگوت:
بەرلەهاتنو

گەیشتنی... بۆلای من،
لەباوەشی خودادا خەوتووەو
هێشتاکە،
بۆنی نووری خوداو
بۆنی تەپوتۆزی ئەوڕێگایانەی لێوەدەهات،
کەلەگەڕانەوەو هاتنیا بۆلای من... بڕیبوونی!
بەجۆرێک پاڵکەوتبووم، هەردەتگووت :
ئەو ساتانەیە،
کەلەگەڵ "هانای جوانی"دامو
گەرەکمە بۆ بزواندنی عاتیفەی،
پێی بڵێم:

*"ئەها... دڵی من،*
*وەختێ کەناگەمە تۆو*
*کەسیش، هەواڵێکت نازانێ!*
*وەختێ کەناتبینمو*



*خەیاڵیشم، وێنەی تۆ وون دەکا!*
*من بەگاڵتەوە،*
*بەم چەشنە پاڵدەکەوتمو*
*هەناسەم لەخۆم دەبڕی!*
*وەلێ،*
*هەربەڕاستیش دەکەوتە زەینمەوە،*
*کەهەرئاوهاش... خودکوژی بکەم!*

*** *** ***

ئێستاکە من لەوێم!
لەوێم،
لەشاری خورافەو
لەووڵاتی ئەفسانە دێرینەکان!
لەناوباخێک، داپۆشراو بەتەمو
بەتەنیشت ڕوبارێک ڕەنگگرتوو بەغوبارەوە!
دانیشتوومو

دڵم پڕە،
لەگومانو لەترسو لەڕاڕایی!
وەک ئەوەی... دڵم ختورەی کردبێت،
کەئێستاکە نا،
پاش کەمێکی تر،
وەک سەبەتەیەک هەرمێ، بەسەردەچمو
وەک گوڵەیاسەمینێک، سیس دەبمو
وەک پەپوولەیەک، ڕەق هەڵدێم!
لەوێمو
گەرەکمە ڕەسمێک بگرم!
ڕەسمێک... ڕەشو سپی،
کەهەموو جەستەم،
لەبەشە سپییەکەیدا دانێمو
بەتەنها دڵیشم،
بخەمە ناو ڕەشاییەکەیەوە!
دڵم بەپەلە لێئەداتو
گوێم پڕدەبێ،



لەهاوارو بانگی کەسێک..
وەک بڵێی:
لەماڵێکی تەنراو بەیادەوەریو
لەناوباخێک ڕیحانەوە، بانگم بکاو
دوودڵ بێت لەناسینەوەم!
ئێستاکە من لەوێمو
سەرم، بەتەمی ئەم ئەفسانەیە سپیو گێژو
دڵیشم، هیلاکو ئاوس بەغوباری ئەم خورافەیە!
لەوێمو
جارێک، لەوپەڕی ئارامیدامو
جارێکیش، وەک نەرمە "با"یەک،
لەناوەختێکا هەڵدەکەم!
ئێستاکە من لەوێمو
پەلەمە،
بۆتێربوونو لێوان لێوبوونم... لەبۆنی ئەوێو
بۆئاشنابوونو ڕاهاتنم... بەڕەنگی ئەوێوە!
ئەوێ،
کەزۆر بەکۆڵانەکەی ئێمەی دەکرد،

پڕبوو لەماڵی لەسەریەک هەڵچنراوی "عاریفەکان"!
ئێواران،
لەبەر بۆنی بغووردو
لەبەر بێدەنگیو
لەبەر سەفەری تەنکی خەیاڵیان،
ڕێیەک نەدەمایەوە بۆ ڕۆیشتنو
باخچەیەک نەدەمایەوە بۆ ڕوانینو
دەنگێک چییە؟
نەدەمایەوە،
بۆ وتنەوەی گۆرانییەکو
بۆ دڵدانەوەی تەنهایتو
بۆ گێڕانەوەی تەواوی قسەو ڕازانەی،
کەدەبوو، بۆیەکترییان بگێڕینەوە!
لەوێ،
بەیانیان... وەک شتێ بڵێی:
سەرێکت، لەتەنهایی خودا دابێو
بەدەم خەوەوە،



باوەشت... بەنوورو
بەپیرۆزیو
بەپرشنگدا...کردبێ!
یان،
هێندە بێدار بووبێتی،
بۆ هەمیشە،
ڕووت لەئاسمان کردبێو
چاووت لێنەتروکاندبێ،
جێگاکانت پڕدەبوون،
لەووردە ئەستێرەی بریسکەدارو
بەشی ناو گوڵدانێک،
کەتاقی ژوورەکەتو
تەنهایتت پێڕازی کردبا،
ڕوناکی مانگت، لەژێر سەرینەکەتدا کۆدەکردەوە!
بۆنی ئەو فەلەکناسانە لەهەناسەتەوە دەهات،
کەهەمیشە داڵغەیان شین دەچووەوەو
هیچ یادەوەرییەکیان،

لەگەڵ خۆیانو
لەگەڵ زەویو
لەگەڵ سەوزایدا... نەمابووەوە!
ئێستاکە من لەوێم،
لەکوچەی خەیاڵو
لەماڵی دڵی ئەو "عاریفانە"دا گیرم کردووە،
کەهێندە میوان دۆستو
هێندە شەرمنن،
هەمیشە... خەونم پێوەدەبینن‌و
هەمیشەش،
لەنوێژەکانیاندا چیرۆکم بۆ دەگێڕنەوەو
لەبیرکردنەوەکانیشیاندا،
گۆرانیم بۆ دەڵێن!
ئەوان... هێندە پیرو
هێندە ئەفسانەین،
وەختێک کەچاوم دەچووە سەریانو
دەکەوتمە ڕوانینو تەماشایان،



خەیاڵ،
ئەوەندە بەقووڵایدا دەیبردمو
ئەوەندە تەسلیم بەخورافەی دەکردم،
کەزۆر ئەستەم بوو،
گەڕانەوەم بۆ ناو حەقیقەتو
گەڕانەوەم بۆ کۆڵان و
گەڕانەوەم بۆ ناویانو بۆ لایان!
بەرلەئێستا، من لەوێ بووم!
وەلێ ئێستا، نازانم؟

*"پاش تێپەڕبوونی عومرێک،*
*کەکەڵکی ژماردنی پێوەنەماوەو،*
*هێندە بەسەرچووە!*
*پاش کەڵەکەبوونی هەموو ئەو ڕۆژگارانەی،*
*کەلەسەر شانەکانم کۆبوونەتەوەو*
*شەکەتو پیریان کردووم، بەچەشنی عاریفەکان!*
*ئیدی مەحاڵە،*

*درككردن بەسنوورەكانی نێوان،*
*حەقیقەتو خورافە!*
*ئیدی بۆم ئەستەم بوو،*
*بتوانم لەنێوان وەهمو ئەفسانەدا،*
*بەدووی جیاوازیدا بگەڕێمو*
*هێڵێكی ڕاست لەناوەڕاستیاندا... بكێشم!*
*لەڕاستیدا،*
*تێكەڵ بوونو لێكچوونی،*
*"شنەی ئەستێران"و"هانای جوانی"،*
*كەبۆمن دەیكردە..*
*جیاكردنەوەی سیمای حەقیقەت،*
*لەئەفسانەو*
*ناسینەوەی ئاماژەكانی عەشق،*
*لەخورافە!*
*هیچی... لەتواناو*
*لەحەوسەڵەو*
*لەتاقەتی مندا... نەهێشتبووەوە،*



*كەئیدی بەئاسانی بتوانم،*
*هیچ شتێكو*
*هیچ كەسێكو*
*هیچ ڕووداوێك... بناسمەوە!"*

ئێستاکە،
نازانم لەکوێی زەمینو
نازانم لەکوێی ئەفسانەکاندام؟
نازانم،
چەندیکە بمێنمەوە... زەمین کۆتایی پێدێتو
چەندیکە بڕۆم... دەگەمە کۆتایی ئەفسانە؟
وای خودایە،
چ گیرۆدەییەکە ونبون!
منێک...
کەبەشێک لەجەستەم موعتادە،
بەخورافەو ئەفسانەکان!
بەشێکیش لەڕۆحم مووبتەلایە،

بەحەقیقەتو عەشقەوە!
ئێستاکە وێڵم!
وێڵمو لەناوچەقی وونبونمدا،
دەمێک پاڵدەکەومو
دەمێک ڕادەکەمو
دەمێکیش... ڕادەوەستمو
پێدەکەنمو دەگریم!
ڕادەوەستمو
دەگریمو پێدەکەنم!
وێڵمو نازانم،
تەواوی ئەو خەونانەی کەدەیانبینم،
چەندێکی دەکەوێتە نێو،
خورافەو ئەفسانەکانی "شنەی ئەستێران"و
چەندێکی پەیوەندی،
بەحەقیقەتو عەشقی "هانای جوانی"ەوە هەیە؟
وێڵمو دەکەومەوە بیری،
ئەودەمەی کەترێ دەگات،



ڕەنگە من... تەنگەنەفەسی ڕاکردنبم!
یان... غەرقی بێئۆقرەیی وەستان؟
نازانمو وێڵم!
ئەو وەختەی هێلکەیەک،
لەژێر... گەرمایی باڵو
گەرمایی حەسرەتو
گەرمایی چاوەڕوانی،
کوکوختییەکا دەتروکێ!
من... لەکۆتایی ئەفسانەو
سەرەتای حەقیقەتدام؟
یان... لەکۆتایی حەقیقەتو
لەدەستپێکی ئەفسانەدام؟
وێڵمو نازانم!
ئەوساتەی باران لەناوەختێکا،
بەسەر دەریادا دادەکاتو
لەئارامیو
لەخەیاڵو

لەگۆرانی ووتنی... دەخا،
من... لەکوێی ئەفسانەدام؟
کەخۆمم لێدەبێتە، دۆڕاوترین پاڵەوان؟
یان... لەکوێی زەمیندام؟
کەخۆمم وەک بێگانەترین عاشق، دێتە بەرچاو؟
وای خودایە وونبون،
چەندە قورسترو
چەندە ڕەشترو
چەندە دڵتەنگترە... لەمەرگ!
وای خودایە... وای،
چ موسیبەتێکو
چ بێشووناسییەکە... وونبون!
وونبون،
تەبایی‌و ئاشتبوونەوەی دۆزەخو بەهەشتە،
لەنیوەڕوانێکی هاوینا!
وونبون،
بەتاڵبوونەوەی ئەو شووشە عەترانەیە،



کەپڕبوون،
لەسیحرو لەپیرۆزی!
بۆنی... دوورکەوتنەوەو
فەنابوون‌و
خیانەتیان... لێوەدەهات!
وونبون،
سەفەری ناوەختو نەبڕاوەی ئەو تەیرانەیە،
کەبەردەوام بەشوێن نەژادییاندا دەگەڕێن‌و،
دەفڕن!
بێئەوەی بۆ هیچیان بوێ‌و
هیچ کارێکییان، پێی هەبێ!
ئێستاکە من وێڵم‌و
خودایە تۆ،
ئەم هاوکێشەیە هاوسەنگکەو
ئەم بیردۆزە... تۆ شیکاریکە!
من کەخەریک بوو،
لەگەڵ خۆم‌و

لەگەڵ ئەفسانەکانو
لەگەڵ حەقیقەتدا... دەکەوتمە جەنگەوە!
من کەخەریک بوو،
تەنهایم دەدۆڕاند،
بەسوڵتانەکانی ئەفسانەو
بەسوپاکانی جەنگەڵ!
من کەخەریک بوو،
هەرچی نهێنییەک هەیە،
فڕێی بدەمە...
ناو خورافەی ئەفسانەکانو
ناو جەنگەڵەکانی حەقیقەتەوەو
ئیدی بۆ هەمیشە،
لەغافڵبوونێکی خوداداو
لەئاوڕدانەوەیەکی سێبەرەکەمدا،
"خۆم بکوژم"!
لەناکاوێکرا،
دەنگێکی ئەفسانەیی



وەک ئەوەی لەناوتەمدا خۆی حەشاردابێو
نزیک بێت لێمەوە،
بانگی کردمو گووتی:

*"خودکوژی بکە!*
*دەی... خۆتبکوژە،*
*تاببیتە قارەمانی ناوئەفسانە دێرینەکانو*
*تاببیتە هاوپۆلی ئەوپاڵەوانو سوڵتانانەی،*
*کەناویان لە"کتێبی پیرۆز"دا هاتووە!*
*دەی... بەدگومان مەبەو، خۆتبکوژە!*
*دەی... خۆتبکوژە،*
*تاتەمەنی "کتێبی پیرۆز" درێژکەیتو*
*بەئەفسانەکان بڵێی:*
*من... "عاریفی" ناوخورافەکانی تۆم!*
*دەی... دوودڵ مەبەو،*
*خودکوژی بکە!"*

ئیدی من دەمزانیو تێگەیشتم،
هەموو ئەوانەی،
کەزەوی جێدەهێڵنو، ناشگەن بەئاسمان!
هەموو ئەوانەی،
کەبەئاسمان ڕازینینو، ناشگەنەزەوی!
دواجار،
یان... لەبێشوێنیدا دەمرن!
یان... خۆیان دەکوژن!
ئیدی تێگەیشتم... کەتازە مەحاڵە،
منێک...
کەوونبوی ناوئەفسانەکانو
سەرزەمینم!
منێک...
کەوێڵم لەنێوان،
حەقیقەتو خورافەدا!
مەحکومم، بەم "خودکوژی"یە!
تێگەیشتم... تازە ئەستەمە،



دۆزینەوەی کۆڵان،
لەناو چڕی ئەم جەنگەڵەداو
ناسینەوەی ماڵی "عاریفەکان"،
لەناو غوبارو تەمی، ئەم ئەفسانەیەدا!
ئیدی... ماڵئاوا،
ئەی سەرزەمینی پڕ لەئەفسانەی بەدا!
ئەی مێژووی سیاه چارەو
ئەی جەنگەڵی مووبتەلا بەخورافەکان!
ماڵئاوا،
ئەی مرۆڤی گومڕا بەڕابردووا!
ئەی مرۆڤی ئالوودەبووی چارەنووسو
ئەی مرۆڤی بەدحاڵ،
بەئایندەی... خۆتو خوداو زەمین!
"ماڵئاوا..!
ماڵ____ئاوا!
ما____ڵ____ئا____وا!

وەلێ... بەرلە "خودکوژی"م،
دەمەوێ لەسەر سێبەرەکەم،
بۆ دواهەمین جار بنووسم:

*"من... کەهەرگیز،*
*نەبەجەنگەڵو*
*نەبەئەفسانەکان... ڕازی نەبووم!*
*من... کەهەرگیز،*
*نەبەحەقیقەتو*
*نەبەخورافەکان... خۆشیم نەدەهات!*
*ئاوهاش نامەوێت،*
*لەسەرزەمینو*
*لەناومێژووی هیچیاندا،*
*ببمە... پاڵەوان!"*



هێندەم لەسەر سێبەرەکەم نووسیو
ویستم:
".....................................
..............................................
.......................................................!!!"

لەپڕێکاو،
وەک کشانی نەیزەکێک، لەنیوەشەوداو
وەک بەربوونەوەو قڵیشانی هەنارێک، لەوپەڕی گەینیاو
وەک فڕینی ڕیشۆڵەیەک، لەتەنهایدا!
گوێم لەهاواری کەسێک بوو،
کەکتومت دەتگووت:
لەوسەری کۆڵانەوە بانگم دەکا!
بەدەنگێکی نیانو
تەواو دۆستانەوە بانگی کردمو
گووتی:

*" ڕاکە...*

*بۆنێو کۆڵان و*

*بۆنێو ماڵەوە!*

*ڕاکە...*

*هێندەت نەماوە،*

*بگەیتەوە... باخچەکەی شارو*

*هێندەت نەماوە،*

*نزیک ببیتەوە... لەناو دڵم!*

*ڕاکە،*

*دەی خێراتر... ڕاکە!*

*چی‌یە..؟*

*دەڵێی نامبینی؟*

*دەڵێی نامناسیتەوە؟*

*دەڵێی گۆڕاویت‌و*

*لەیادت کردووم؟*

*ئەی کوڕی "تەم" بردوو!*

*ئەی کوڕی فریوو خواردوو،*



*بەئەفسانەو*

*بەخورافەو*

*بە"کتێبە پیرۆزەکان"ی... "شنەی ئەستێران"!*

*ڕاکە..*

*من..."هانای جوانی"م! "*

ئەو بەهێزی،

پیرترین‌و

بەرزترین‌و

سەوزترین،

درەختی ناوباخچەکەی کۆڵان،

بانگی دەکردم‌و دەگریا!

منیش،

بەچاوێکی نیشتوو بەخەتاو

بەهێزی پەڕەسێلکەیەکی نەخۆش بەگوناەو

بەجەستەیەکی لاوازی ناو نەعلەتیترین وەهمەوە، دەگەڕام!

ئەو... نیانتر هاواری دەکردو دەیگووت:

"تۆ سەیرکە...

ئەها من،

لەحەژمەت گەڕانەوەت و

لەحەژمەت بینینەوەت،

چۆن لەباخچەکەدا، بۆت ڕوواوم؟

وەرەتا منیش،

دڵت لەباخچەکەدا بڕوێنم!

وەرەتا،

دڵت لەباخچەکەدا بڕوێنم!"

## ماڵی‌من... سەرزەمین نییە!

## لێگـــەڕێ، دەمەوێت: بفـــــڕم!

مانگی(5 تا 6 – 2007)

سلێمانی

*• جەنگ... تادێت ڕوو لەهەڵگیرسانەو*
*دەنگۆی بڵاوبوونەوەشی،*
*هەموو ئەو سەرزەمینەی گرتۆتەوە،*
*کەمن... تیایدا دەژیمو*
*تیایدا دەنووسمو*
*تیایدا لەدایک دەبم!*
*پەتای "تاعوون"یش،*
*وەک خەتەرناکترین دەردو نەخۆشی لەناواندایەو*
*تاتەواوبوونی ئەم دەقەش کۆتایی پێنەهاتووەو*
*چارەسەرێکیش نییە،*
*بۆ لەناوچوونو بنەبڕبوونی!*

*• کاتی تەواوی ڕوودانی ئەم کارەساتانە،*
*لەکورترین ماوەدا ڕوویانداوەو*
*یەکەمین لەحزەی نووسینەوەیشی،*
*بەکاتژمێرە هەمیشە میقاتکراوەکەی بەرباخەڵو*
*دەستی... "خاتوونە"،*
*(PM 05:45)ە بەکاتی زستانە!*



بەرلە... لەدایکبوون،
بەردەوام لەدڵی خۆمدا بەدەنگی بەرز، دەمگووت:
ئەی سێبەری هاوڕێم!
دوعابکە،
لەم بۆشاییەدا... وون نەبین!
بپارێزەوە،
لەم جەنجاڵییەدا... نەمرین!
ئەی نازەنینترین "سێبەری" ڕاستەقینەی من!
تۆ...گۆرانییەکانی خۆت بڵێ!
تۆ... سەماکانی خۆت بکە!

دڵنیابە،
ئەوەی دەنگی تۆ دەبیستێت... منم!
نەوەک،
خوداو گەردوونو سروشت!
دڵنیام،
ئەوەی بەدیار بیرینەکانی منەوە پیردەبێت... تۆیت!
نەوەک،
مێژوو وزەویو ئەفسانەکان!
ئەی دولبەرترین "سێبەری" ڕاستەقینەی من!
سبەینێ دەفڕین!
سبەینێ... پاش "سی" ساڵ لەنیشتنەوەمان،
لەم سەرزەمینی،
پڕجەنگو
پڕعەزابو
پڕنەخۆشیو
پڕزیندانو
پڕتاوانەدا!



لەم سەرزەمینی،
پڕنامۆییو
بێگانەبوونەدا... دەفڕین!
سبەینێ دەفڕینو
یادەوەریمان،
لەناو ڕەشەباو تۆفانەکانی زەویداو
جوانیمان،
لەناو گوناەو خەتاکانی سروشتداو
ئایندەمان،
لەناو دۆزەخو بەهەشتی خوداداو
پاکیزەییمان،
لەناو درۆو بوختانەکانی مێژووداو
عەشقمان،
لەناو پلانو نسیبی کتێبە پیرۆزە ئەفسانەییەکانداو
ئارامیمان،
لەناو جەنجاڵیو قەرەباڵغی گەردووندا...
دەردەهێنینو... دەفڕین!

سبەینێ،

باڵەکانمان بەتریفە سواغ دەدەینو... دەفڕین!

بۆ چاوەکانمان،

پرشنگو درەوشانەوە،

لەئەستێرەکان وەردەگرینو

دڵیشمان پڕدەکەین،

لەخواحافیزیو

لەسوپاسو

لەماڵئاوایی یەکجارەکیو... دەفڕین!

ئەی پڕنوورترین "سێبەری" ڕاستەقینەی من،

دوعابکە،

لەم بۆشاییەدا... وون نەبین!

بپارێزەوە،

لەم جەنجاڵییەدا... نەمرین!

تۆش،

ئەی "سێبەری" ڕاستەقینەی من!



هەوڵبدە...

مەودای دووریی نێوانمان،

نزیکو

نزیکتر... بکەوە!

هەوڵبدە...

مەودای دووریی نێوانمان،

کەڵکی بینینو

کەڵکی بیستنو

کەڵکی بۆنکردنی یەکترمان... پێوەبهێڵێت!

هەوڵبدە!

هەوڵ ـــ بدە!

ئاخر،

سبەینێ دەفڕین!

سبەینێ... دەفڕین!

سبەینێ...

دەفڕین!

(1)

## گوفره بەدەكانی، پێشبینیزان!

مەودای دووریی نێوان منو تۆ،
سارایەکە... چۆڵو هۆڵ!
بەدەستە تەڕو
چکۆلەکانی... "یاقووت"!
ئیدی،
ئەو کلیلانە فڕێدە،
کەناتوانن،
هیچ دەرگایەک... لەسەر دڵنیایی بکەنەوە!



ئیدی،
ئەو دەرگایانەش بشکێنە،
کەعومرێکە خودا،
لەسەر جوانیو
لەسەر ڕووناکیو
لەسەر فڕینی ئێمە،
کڵۆمی داوەو، نایکاتەوە!
تۆش،
ئەی پیرترین پێشبینیزان!
پێمبڵێ:
ئەو باخچانەت بۆ سووتاند؟
بۆ نەتهێڵا،
شەونم... ماچێکی زیاترو تەڕتری،
گەڵاکان و
گیاکان بکات؟
بۆ ئەو سنەوبەرانەت،
لەگۆرانی ووتن خست؟

بۆ سپێدەت هێندە تورەکردو
دەرتکرد،
لەحەوشەو
لەماڵو
لەکۆڵان؟
بۆ نەتهێشت،
ئەسپەکان،
حیکایەتی خۆیان بۆ یەکتر تەواوکەنو
تەپوتۆزی ئەو شکستانەش لەخۆیان بتەکێنن،
کەپیاوە ئیماندارەکان،
بەدەم دوعا کردنو
بەدەم پێکەنینیانەوە... بەشۆڕش،
پژاندبوویان،
بەسەرشانی نیشتمانو
بەسەرپێی سەنگەرەکانو
بەسەرپشتی... ئەسپەکانیاندا؟



بەخاتری چیبوو؟
جەنگەڵەکانت... کردە خۆڵمێشو
دەریاکانت... پڕکرد لەگڕو
باڵەخانەکانت،
بەسەر خەونو
بەسەر تەنهاییو
بەسەر ئومێددا... ڕوخاند؟
پێمبڵێ:
ئەی پیرترین پێشبینیزان؟
تۆ... کەفڕینت لەمن سەندەوە،
چیت لەباڵەکانم کرد؟
تۆ... کەعەشقت گوناهبار کردو لەخاچتدا،
چیت لەدڵەکان کرد؟
تۆ... کەخەنجەرەکانت لەجەستەی ئارامیو تەنهایدا چەقاند،
چیت لەخوێنی پیرۆزی ئەوان کرد؟
ئاە... ئەی پێشبینیزانی پیر!
ڕۆژێک دێت... دەمریتو

وەک چۆن گەڵایەک، پیردەبێتو دەوەرێ!
"با" یاری... بەجەستەو
بەڕەنگو
بەجوانی... دەکاتو
هیچ درەختێکیش، دڵی نارەنجێت!
وەک چۆن ماسییەک، پیردەبێتو دەخنکێ!
"ئاو"... یادەوەرییەکانیو
ماچەکانیو
پولەکەکانی... لەیاد دەکاتو
هیچ دەریایەکیش، دڵی تەنگ نابێت!
ڕۆژێک دێت... تۆش ئاوها،
پیردەبیتو دەمری!
هیچ خودایەکو
هیچ میللەتێکو
هیچ سوڵتانێک،
دڵی ختووره ناکاتو
دڵی زیز نابێت!



ئاه... ئەی پیرترین پێشبینیزانی گوناهکار!
پێمبڵێ: فڕینی من،
ئیقاعی چ ئەستێرەیەکی شێواندو... کوێری کرد؟
ئاسمانی چ شارێکی تاریک کردو... وون بوو؟
گومانی خستە دڵی چ شاعیرێکەوەو... مرد؟
چەهچەهەی چ بولبولێکی تۆراندو... کوشتی؟
خەونی چ ڕاوچییەکی لەباربردو... فڕاندی؟
مێژووی چ میللەتێکی تاڵانکردو... پڕی کرد،
لەخیانەتو
لەکوفرو
لەتاوان؟
پێمبڵێ: فڕینی من،
چ مۆسیقایەکو
چ حیکایەتێکو
چ کتێبێکی... ئاشووبگێڕ بوو؟
تا بەمجۆرە، بیبوغزێنیتو
مەحکومی کەی... بەنیشتنەوە!

تا بەمجۆرە، باڵەکانی بسوتێنیتەو
مەحکومی‌کەی... بەدوورکەوتنەوە!
پێمبڵێ:
بەدەستە تەڕو
چکۆلەکانی یاقووت... نا!
بەباڵە تەنکەو
چکۆلەکانی پەپوولە... نا!
بەهەنگاوە نەرمو
چکۆلەکانی لاولاو... نا!
بەبارینە پڕ حیکمەتو
دڵۆپە ڕووناکەکانی باران!
سارای نێوان،
مەودای ئەم دوورییەمان،
بەکێشانی چەند سیگار... تەواو دەبێت؟
بەخواردنی چەند زەرف چواله... کۆتایی دێت؟
بەهەڵچنینی چەند سەدەف... لەکەنار دەریاو
بەگەینی چەند باخ گێلاس... لەبەهەشتەکانی خوداو



بەتەماشاکردنی چەند ئێوارە،
لەسەر بانێژەکانی مناڵییەوە... دەبڕێتەوە؟
ئەی پێشبینیزانی پیر!
ڕۆژێک دێت،
تۆ دەمریتو
منیش دەگەمەوە بەسێبەرەکەم!
ڕۆژێک دێت،
تۆ دەمریتو
منو سێبەرەکەشم،
دەچینەوە بۆ مەلەکردن... لەڕۆخی دەریا!
دەچینەوە بۆ ڕاکردن... بەژێرتریفەی مانگەشەودا!
دەچینەوە بۆ دانیشتن... لەژێرسێبەری درەختەکانی باخچە!
دەچینەوە بۆ پیاسەکردن... بەنێوکۆڵاندا!
دەچینەوە بۆ مەکتەبو... شیعر لەبەر بۆیەکتری دەڵێینەوە!
دەچینەوە بۆ دەمەدەمی غروبو... باوەش دەکەینەوە بەیەکترا!
ڕۆژێک دێت،
تۆ دەمریتو

مەودای دووری نێوانمان،
هێندەی چاوتروکانێکەو
منیش… دەگەمەوە بەسێبەری ڕاستەقینەی خۆمو
دەست دەکەینەوە… بەفڕین!
دەست دەکەینەوە… بەعەشق!
دەست دەکەینەوە… بەگۆرانی ووتن!
ئەی پێشبینیزانی پیر!
ڕۆژێک دێت،
تۆ مردوویتو
ئێمەش،
لەسەر لاشەی ساردو، مردووی تۆ
لەسەر خوێنی پڕجادوو، پیسی تۆ
لەسەر ئێسقانی، بەخۆڵەمێشبووی تۆ
ڕەسمێک دەگرین بۆ حەقیقەتو
تۆو زەویو خودا… جێدەهێڵینو دەفڕین!
گوڵێک دەدەینە دەست جوانیو
تۆو مێژووو گەردوون… جێدەهێڵینو دەفڕین!



بۆن دەکەین بەپرتەقاڵێکەوە بۆ یادگاریو
تۆو نیشتمانو ئەفسانەکان… جێدەهێڵینو دەفڕین!
ڕۆژێک دێت،
تۆ… بویتەتە خۆڵو
ئینجانەیەکت پێ پڕناکرێت!
تۆ… بویتەتە لمو
ماڵۆچکەیەکت پێ درووست ناکرێت!
تۆ… بویتەتە خۆڵەمێشو
ئاگرێکت پێ خامۆش ناکرێت!
ئێمەش… لەقولایی فڕینمانەوە،
پێکەنینمان دێ،
بەخودا… ئەفسانەییەکانی تۆ!
بەمێژووە… پڕ خورافاتەکانی تۆ!
بەگەردوونە… پڕ جادووە ساویلکەییەکانی تۆ!

ئەی پێشبینیزانی پیر!
ئەی گەمژەترین جادووبازی،
خوداو
زەوی‌و
مێژوو!
ئەی هەڵخەڵەتاوترین سیحربازی،
سروشت‌و
گەردوون‌و
ئەفسانەکان!
ئیدی... تۆ بمرەو
ئێمەش دەفڕین!
ئیدی... تۆ بمرەو
ئێمەش دەفڕین!
ئەی پێشبینیزانی پیر!



(2)

## دوعا غەمگینەکانی، بەختگرەوە!

مەودای دووریی نێوان من‌و تۆ،
عومرێکە... درێژ درێژ!
بەدەستە سەوزو
چکۆلەکانی... "گیا"!
من ئاوهام کرد،
دەرگام بەڕووی باران‌و
پەنجەرەم بەڕووی هەتاوو
دڵیشم بەڕووی عەشقدا... کردەوەو نەترسام!

من ئاوهام کرد،
هەرچی باخچەم هەبوو، دام بەباخەوانەکان!
هەرچی بەفرم هەبوو، دام بەڕیشۆڵەکانو
هەرچی ئەستێرەشم هەبوو، دام بەشەوو نەترسام!
من ئاوهام کرد،
هەموو جوانییەکانم دابەشکردو، نەتوامەوە!
هەموو "با"کانم دابەشکردو، نەمردم!
هەموو گومانەکانیشم دابەشکردو، نەیانکوشتم!
من ئاوهام کردو... نەترسام!
من ئاوها دەکەمو
خودایە تۆش،
ئەو عومرەم بدەرێ،
کە لەنێوان... منو سێبەرەکەمدایە!
کە لەنێوان... بێدەنگیو گریاندایە!
کە لەنێوان... تەنهاییو مردندایە!
من ئاوهام کرد،
ئەی سێبەری ڕاستەقینەم... ئاوها!



تا بەتێپەڕبوونی ئەم عومرە،
تۆ... هەست بەکاڵبوونەوە نەکەیت!
تۆ... هەست بەتەنهاییو
هەست بەگوناهو
هەست بەدڵشکان... نەکەیت!
من ئاوهام کرد،
ئەی سێبەری ڕاستەقینەم... ئاوها!
تۆش مەهێڵە،
خەیاڵت فریوو بخوا،
بەکەشتیوانە بوغزنەکانی ئەوێو
بەماسیگرە قەمبوورەکانی ئەوێو
بەمەلەوانە کوێرەکانی ئەوێو... کاڵبیتەوە!
ئاخر... دەریاکانی پاش ئەم عومرە،
هەمووی نەخۆشییە... وێڵیانکە!
مەهێڵە،
ڕووناکیت تێکەڵ،
بەشەبەنگو

بەپەلکەزێڕینەو
بەنوورە،
پڕ سیحراوییەکانی ئەوێ بێتو... کاڵبیتەوە!
ئاخر... خۆری پاش ئەم عومرە،
هەمووی نەخۆشییە... ویڵیانکە!
مەهێڵە،
تەنهایت هەڵخەڵەتێننو
جوانیت بفرێننو
پیرۆزیشت، لەکەدار بێت!
لەکۆڵان و
لەمەکتەبو
لەشارەکانی ئەوێداو... کاڵبیتەوە!
ئاخر... ژیانی پاش ئەم عومرە،
هەمووی نەخۆشییە... ویڵیانکە!
ویڵیکە،
زێوانە شەلو
پاسەوانە کوێرو



باخەوانە کەڕەکەی،
پاش ئەم عومرە... ویڵیانکە!
ویڵیکە،
باخچە ووشکو
ماڵە پڕشەڕو
بیابانی ئاشووبی،
پاش ئەم عومرە... ویڵیانکە!
ویڵیکە،
خۆرە بێڕەنگو
پادشا ترسنۆکو
تۆفانی گومڕای،
پاش ئەم عومرە... ویڵیانکە!
من ئاوها دەکەم،
تا ئەم عومرە نەخۆشەی نێوانمان... بکوژم!
تا ئەم عومرە درێژەی نێوانمان... تێپەڕێنم!
تا ئەم عومرە زەلیلەی نێوانمان... لەیادکەم!
تۆش،

ئەی بەختگرەوەی بەد... بمدەرەوە!
بمدەرەوە،
تەمەنی بەهەدەرچووی،
ناو ئەم چاوەڕوانییە دوورە!
بمدەرەوە،
تەماشاو
ڕوانینی بێهوودەی،
ئەودیوی دەریاکانو
ئەودیوی سەحراکانو
ئەودیوی، کێوەکان!
بمدەرەوە،
ئەو ڕۆژانەی بەبێ سێبەر... ژیام!
ئەو ئێوارانەی بەبێ عەشقو
ئەو سپێدانەی بەتەنها... گوزەراندمن!
بمدەرەوە،
ئەی بەختگرەوەی بەد!
تۆ کەپێتنەدەکرا،



لەتاریکیدا، ڕووناکی بخەیتە دڵی ئاوێنەکانەوە!
لەڕۆژدا، دەرگا لەسەر هیلاکی ئەستێرەکان بکەیتەوە!
لەباراندا، دڵی خوساوو ژاکاوی پەڕەکانی‌گوڵ بدەیتەوە!
تۆ کەنەتدەتوانی،
ئاو، بخەیتە ڕستەوە بۆ درەختی سەرکێوەکان!
سەما، تا ماڵی هەنگەکان بەریت!
پێکەنین، دابەشکەیت بەسەر شارێک مێروولەدا!
تۆ کەنەتدەوێرا،
ئاگر، حونجەکەیت بەبەفرەکان!
دڵنیایی، بخەیتە ناو داڵغەی ئێوارانی شەپۆلەکانەوە!
بەڕەنگەکان بڵێیت، ڕەنگی "شین" لەهەمووتان دڵڕفێنترە!
ئیدی چۆن زانیت،
عومرێک بەسە... بۆ دووریی نێوان،
منو سێبەرەکەم؟
ئەی بەختگرەوەی بەد!
تۆ... کە ماڵی من پڕدەکەیت لەکوفرو
منیش... ماڵی تۆ لەجوانی؟
تۆ... کە دڵی من پڕدەکەیت لەفیراقو
منیش... دڵی تۆ لەشادومانی!

تۆ... کە سێبەری من سزادەدەیتو
منیش... تۆ دەبەخشم!
ئیدی تۆ،
گوناهباری... بەکوشتن!
گوناهباری... بەهەڵوەرین!
گوناهباری... بەداڕوخانو، بەداڕمان!
ئەی بەختگرەوەی بەد!
ئیدی تۆ،
گوناهباری... گوناهبار!
تۆ گوناهباریو
دەبێت... بمری!
تۆ گوناهباریو
دەبێت... بکوژرێی!
گوناهباریو
دەبێت بمری!
گوناهباریو
دەبێت بکوژرێی!
ئەی بەختگرەوەی بەد!



(3)

## هاوارە ناشازەکانی ئاهەنگساز!

مەودای دووریی نێوان منو تۆ،
سەدەیەکە!
بەدەستە بریسکەدارو
چکۆلەکانی... "مانگ"!
کەسێک، ناونیشانی ئەم "با"یانەم ناداتێ!
کەوەختێک هەڵدەکات،
لەچکەکەی دایکم... لەنوێژداو
کفنەکەی باوکم... لەمەرگداو
کاغەزەکەی من... لەپۆلدا دەفڕێنێتو،
ئاور ناداتەوە!

کەسێک، سەرەتای ئەو "ڕێگا"یانەم پیشان نادات!
وەختێک،
کەبەدەم خەوو
کەبەدەم هەنسکو
کەبەدەم خەیاڵەوە... دەمباتو
ئیدی،
بۆ گەڕاندنەوەم... چاخێکم دەوێت!
بۆ دۆزینەوەم... مردنێکو
بۆ گەیشتنەوەشم... جەنگێک!
کەسێک، ئاهەنگسازی ئەو "گۆرانی"یەم پێناڵێت!
وەختێک کەدەیانڵێمەوە،
بارانم لێدەبارێتو... دەمرم!
ئێوارەم بەسەردادێتو... دەمرم!
کەسم بەچواردەورەوە نامێنێتو... دەمرم!
ئاە... ئەی ئاهەنگسازی مەست!
تۆ دەبوو،
لەبری ئەم هەموو بێدەنگییەت،



ئێستاکە،
ناودەستەکانت... پڕبوونایە لەتریفە!
سەرشانەکانت... تەڕبوونایە بەنوورو
قسەکانیشت... بۆنخۆش بوونایە بەگوڵاو!
تۆ دەبوو،
لەبری ئەم هەموو تەنهاییەت،
ئێستاکە ماڵەکەت،
پەنجەرەکانی بەئەستێرەو
دەرگاکانی بەشەونمو
دیوارەکانیشی بەئاوێنە، هەڵچنرابایە!
تۆ دەبوو،
لەبری ئەم هەموو مەستییەت،
ئێستاکە،
دڵت... لەڕەگەزی پیانۆو
چاوت... لەتوخمی کەمانچەو
سەریشت... ئاوێتەیەک بووایە،
لەسەنتوورو

لەشمشاڵ!
کەچی ئەی ئاهەنگسازی مەست!
تۆ لەبری ئەمانە،
سێبەرەکەمت فێری گۆرانییەک کرد،
کەسەدەیەک... بخاتە نێوان دووریمانەوە!
منت بەمۆسیقایەکەوە ئالوودەکرد،
کەسەدەیەک... لەسێبەرەکەم دوورکەومەوە!
ئیدی تۆ،
ئەوەی دەیژەنیت... درۆیە!
ئەوەی دەیڵێیت... بوختانە!
ئەی ئاهەنگساز!
تۆ... لەڕەگەزی پیاوکوژانی!
تۆ... لەتوخمی جادووگەرانی!
تۆ... تێکەڵەیەکی،
لەجەلادو
لەگوناهکاران!
ئەی ئاهەنگسازی مەست!



ئیدی تۆ،
گەمژەتری لەوەی... پیانۆ بژەنیت!
زەلیلتری لەوەی... گۆرانی بڵێیت!
بچوکتری لەوەی... ئاهەنگ سازبکەیت!
ئەی مەستترین ئاهەنگساز!
وەختێک... کەسێبەرەکەمت،
بەو کەشتییە پیرو
بەو شەمەندەفەرە یاساغو
بەو ماشێنە پڕ لەمردووانەدا... ڕەوانەکرد!
دڵت، لەکوێ بوو؟
کەپڕبوو... لەمۆسیقا!
عاتیفەت، لەکوێ بوو؟
کەهەمیشە... سەمای دەکرد!
جوانیت، لەکوێبوو؟
کەشڵپەیدەهات... لەگۆرانی!
ئاە... ئەیئاهەنگسازیمەست!
تۆ... ئاهەنگسازی مۆسیقا ناشازەکانی مردنیت،

نەوەک... ئاهەنگسازی ئۆپێراکانی ژیان!
تۆ... ئاهەنگسازی گۆرانییە ناخۆشەکانی مەرگیت،
نەوەک... ئاهەنگسازی گۆرانییە جوانەکانی مرۆڤ!
تۆ... ئاهەنگسازی سەما درۆینەکانی تەنهایت،
نەوەک... ئاهەنگسازی عەشقو ئەوینە ڕاستەقینەکان!
ئەی ئاهەنگسازی مەست!
ئەوەی لەپاش تۆ جێدەمێنێت... مۆسیقانییە!
ئەوەی لەماڵەکەتدا دەدۆزرێتەوە... گۆرانی‌نییە!
ئەوەی لەگیرفانەکانتا هەڵتگرتووە... سەمانییە!
ئیدی نازانم چۆن؟
بەم دەمامکی‌گوڵو
بەم پاڵتۆیەی بەفرو
بەم کڵاوەی بەهارەوە،
هاتیتە،
ناو ژیانو
ناو سێبەرو
ناو خەیاڵی منەوەو... فریوتدام!



تۆ... کەهاتیتە ناومنەوە،
ئیقاعی تەماشاو
دەنگی هاوارو
گۆرانی ئاسوودەیی منت شێواندو... نەڕۆیشتی!
تۆ... کەهاتیتە ناومنەوە،
لەبری من بەناوباخچەو
لەبری من بەناوماڵو
لەبری من بەناوحەوشەدا،
پیاسەت کردو... نەڕۆیشتی!
تۆ... کەهاتیتە ناومنەوە،
نامەت بۆ خۆشەویستەکەم نووسی‌و... نەڕۆیشتی!
سڵاوت لەسێبەرەکەم کردو... نەڕۆیشتی!
ماچی کۆترەکانمت کردو... نەڕۆیشتی!
وای لەتۆ... وای!
تۆ... کەهاتیتە ناومنەوە،
ئەی ئاهەنگساز!
تاڵانچییەکی بچکۆلانە بوویت‌و... نەمزانی!

هەرچی پلانو
هەرچی گوناەو
هەرچی ئاشووبت هەیە،
لەناو مندا تاقیتکردەوەو... نەمزانی!
تۆ... ئەی ئاهەنگساز!
هەرچی شووشەی عەترم هەبوو، شکانتو
هەرچی دەستنووسی شیعرم هەبوو، دڕانتو
هەرچی جلی منالّیم هەبوو، سوتانتو... نەمزانی!
تۆ... ئەی ئاهەنگساز!
هەرچی جوانیم لەدەستا هەڵگرتبوو، فڕانتو
هەرچی عاتیفەم لەدڵدا کۆکردبۆوە، گۆڕیتو
هەرچی پێکەنینم لەدەمدا شاردبۆوە، تۆرانتو... نەمزانیو
هەر نەمزانیو..،
هەر... "ن، ە، م، ز، ا، ن، ی"!
تا... سێبەرەکەت بردمو
ئەوجا زانیم!
ئەوجا... زانیمو تێگەیشتم،



کەتۆ،
چ تاڵانچییەکی ناشرینو
چ تاڵانچییەکی درۆزنو
چ تاڵانچییەکیبچکۆلانە بوویت،
کەهاتیتو
وەختێکیش...کەلەناو خۆما دەرمکردیت،
چ پلانگێڕێکی زۆرزانو
چ تاڵانچییەکی لێزانو
چ ئاشووبگێڕێکی گەورەت... لێدەرچووە!
ئەی تاڵانچیترین ئاهەنگسازی مەست!
لەپاش چی؟
ئێستاکە هاتوویتو
دەڵێیت: بمبەخشە؟
لەپاش سەدەیەک،
خۆنەبینینەوەم... لەبەردەمی ئاوێنەدا؟
لەپاش سەدەیەک،
قژدانەهێنانم... لەژێر پرشنگی ئەستێرەدا؟

لەپاش سەدەیەک،
ئاوڕنەدانەوەم... لەشکۆفەی سپێدان؟
لەپاش چی؟
پێمبڵێ: لەپاش چی؟
تۆ هاتوویتو
دەڵێیت: عەفوومکە؟
لەپاش چی؟
ئەی ئاهەنگساز،
پیمبڵێ: لەپاش چی؟
ئیدی لەناومندا،
وادەیەک چییە؟
نیمە... بتبەخشم!
فرسەتێک چییە؟
نیمە... بتبوورم!
سزای تۆ، ئەی ئاهەنگساز!
تەنها مردنە!
بەخشینی تۆ، ئەی ئاهەنگساز!



تەنها کوشتنە!
ئیدی تەواو،
تۆ دەبێت... بمریت!
تۆ دەبێت... بکوژرێیت!
ئیدی تەواو،
سزای تۆ، تەنها مردنە!
بەخشینی تۆ، تەنها کوشتنە!
سزای تۆ،
تەنها... مردنە!
بەخشینی تۆ،
تەنها... کوشتنە!
ئەی ئاهەنگسازی مەست!

(4)

## پیاوکوژە گەمژەکانی، فیتنەساز!

مەودای دووریی نێوان منو تۆ،
خەراباتێکە!
بەدەستە سپیو
چکۆلەکانی... "بەفر"!
بەیانی زووو... لەخەو هەڵمسێنە!
بەیانی زووو... لەخەو هەڵتئەسێنم!
هەرچییەکم هەیە،
دابەشی دەکەمو... جیادەبینەوە!
هەرچییەکت هەیە،
دابەشی دەکەیتو... جیادەبیتەوە!



بەیانییان زوو،
گوڵ دابەشدەکەینو... دەگرین!
هەتاو دابەشدەکەینو... دەگرین!
پەپوولە دابەشدەکەینو... دەگرین!
سازش،
لەگەڵ تەنهایمدا دەکەمو... هەنسک ئەدەم!
سازش،
لەگەڵ تەنهایتدا دەکەیتو... هەنسک ئەدەیت!
بەیانییان زوو،
هەرچییەکمان هەیە،
دابەشی دەکەینو... دەڕۆین!
دوعاو
جگەرەو
کلیلەکانت... ئەدەمەوەو
خواحافیزیت لێدەکەمو... دەڕۆم!
موستیلەو
نوقڵو

کلیلەکانم... ئەدەیتەوەو
خواحافیزیم لێدەکەیتو... دەڕۆیت!
بەیانییان زوو،
هەرچی خەونێکمان دیوە،
بۆیەکتری دەگێڕینەوەو... لێک جیادەبینەوە!
بەیانییان زوو،
جلەکانی یەکتری لەبەردەکەینو
دڵمان پڕە لەپێکەنین!
کتێبەکانی یەکتری دەخوێنینەوەو
تەماشای یەکتری ناکەین!
حەوزەکانی یەکتری پڕدەکەین لەماسیو
قسە لەگەڵ یەکدا ناکەین!
بەیانییان زوو،
ڕەسمی یەکتری دەگرینو
سوپاسی یەکتری ناکەین!
سینییەک میوە لەبەردەم یەکتردا دادەنێینو
کەسمان نایخۆین!



نامە بۆیەکتری دەنووسینو
نایینێرین بۆ یەکتر!
بەیانییان زوو،
دەرگاکان، بۆیەکتری دەکەینەوەو
بێسڵاو، تەوقە لەگەڵ یەکتردا دەکەینو
من... تەماشای ئەو دەکەمو
ئەو... تەماشای من دەکاتو
جیادەبینەوە!
هەموو بەیانیانێک،
ئێمە... ئاوهامان دەکرد!
بەرلەهاتنی تۆ،
ئەی فیتنەسازی مەنگۆل!
بەیانییان زوو،
بەرلەهاتنی تۆ،
ئێمە،
یاریمان دەکردو... دەگریاین!
شەڕمان دەکردو... دەگریاین!

بەرلەهاتنی تۆ،
ئێمە،
یەکتریمان جوان دەکردو... پێدەکەنین!
قژی یەکتیمان تێکدەدایەوەو... پێدەکەنین!
بەرلەهاتنی تۆ،
هەموو بەیانیانێک،
ئێمە... ئاوهامان دەکرد!
ئەی فیتنەسازی مەنگۆل!
تۆ هاتیتو... یارییەکانت شێواندین!
تۆ هاتیتو... ماڵەکانت خاپوورکردین!
تۆ هاتیتو... جەنگت بۆهەڵگیرساندین!
ئەی فیتنەسازی مەنگۆل!
تۆ،
کەچاوت لەئاگرەو
کەقاچەکانت لەتۆفانەو
کەدەستەکانت لە"با"کانە،
چی تۆی گەیاندە ناو... بەیانیانەکانی ئێمە؟



چی تۆی هێنایە ناو... دابەشبوونەکانی ئێمە؟
چی تۆی بانگکردە،
ناو ماڵو
ناو جەنگو
ناو ئاشتییەکانی... ئێمە؟
ئەی فیتنەسازی مەنگۆل!
کێ تۆی بانگکردە ناومانەوە؟
کێ تۆی داوەتی ماڵمان کرد؟
کێ تۆی لەباخچەکانی ئێمەدا چاند؟
تۆیەک،
هەرچییەک دەڵێیت... لەکوفر دەچێت!
هەرچۆنێک دەڕوانی... لەدۆزەخ دەچێت!
تۆیەک،
کەتەواوی یارییەکانی ئێمەت کردە حەقیقەتو
تا پێتکرا،
خودات لێهانداینو
دۆزەخەکانت لێپڕکردین؟

تا پێتکرا،
شەوت بەسەردا ڕووخاندینو
گوناهت بەسەردا باراندین؟
تا پێتکرا،
ئاگرت بەردایە نێو جیابوونەوەکانمانو
ئاشووبت خستە نێو دابەشبوونەکانمانەوە؟
تۆیەک،
کە ماڵەکەمانت ڕووخاند بەناوی گاڵتەو یارییەوە
بۆ کۆڵانەکانەکانت هاندا... حاشابکەن لەچوونەوەمان؟
بۆ شارەکانت فێرکرد... نەفرەت بکەن لەگەڕاندنەوەمان؟
بۆ زەویت والێکرد... بوغز بکات لەبوونمان!
ئاە... ئەی فیتنەسازی مەنگۆڵ!
خیانەتی تۆ بوو،
ئێمە لەیارییەکان کراینە دەرەوە!
ئاشووبی تۆ بوو،
ئێمە لەپێکەنینەکان هەڵهاتین!
فیتنەی تۆ بوو،



خودا نەفرەتی لەمنو
حاشای لەسێبەرەکەم کرد!
وەک سزایەکیش،
لەنێوان منو حەقیقەتدا، ئەم خەراباتەی ڕواند!
لەنێوان خۆمو خۆمدا، ئەم خەراباتەی سەوزکرد!
لەنێوان منو سێبەرەکەمدا، ئەم خەراباتەی بۆ ئەبەد دانا!
ئەی مەنگۆلیترین فیتنەساز!
ئیدی تۆ بمرە،
وەختێک گڕ لەم خەراباتە بەرئەدەمو
دەگەمەوە... بەسێبەرەکەم!
ئیدی تۆ بمرە،
وەختێک دڵی ئەم خەراباتە پڕدەکەم لەکرمو
دەگەڕێمەوە... ماڵی سێبەرەکەم!
ئیدی تۆ بمرە،
ئەی فیتنەسازی مەنگۆڵ!
وەختێک منو سێبەرەکەم،
دەکەوینە دابەشکردنی ئەم خەراباتە... بەغیرەتێکی ترەوە!

دەکەوینە نەفرەتکردنی ئەم خودایە... بەئیمانێکی ترەوە!
دەکەوینە زەلیلکردنی تۆ... بەیارییەکی ترەوە!
ئەی فیتنەسازی مەنگۆل!
ئیدی تۆ بمرە،
ئەو بەیانییەی من‌و سێبەرەکەم... دەگەینەوە بەیەکتریی!
ئەو بەیانییەی من‌و سێبەرەکەم... دەستدەکەینەوە بەیاریی!
ئەو بەیانییەی من‌و سێبەرەکەم... دەچینەوە ناو یەکتریی!
ئیدی تۆ بمرە،
لەبەردەرگای ماڵ... وەک سەگێکی پیر!
لەدووری باخچە... وەک کرمێکی بێزراو!
لەناوجەنگەکان... وەک دیلێکی زامدار!
ئیدی تۆ بمرە!
ئیدی تۆ بمرە!
ئەی مەنگۆلیترین فیتنەساز!



(5)

## گوناهە ڕەشەکانی، ئاشووبگێڕ!

مەودای دووریی نێوان من‌و تۆ،
جەنگەڵێکە!
بەدەستە مۆرو
چکۆلەکانی... "یاسەمین"!
وەرە دەرێ،
لەوکوچە بنبەستانەی خەوندا!
لەودڵۆپە بارانانەی پایزداو
لەویارییە ترسناکانەی مەرگدا... وەرە دەرێ!

وەرە دەرێ،
لەناو تیشکی لەمپاکان!
لەناو ژووری قوماربازانو
لەناو پاڕانەوەی ئیمانداراندا... وەرە دەرێ!
وەرە دەرێ،
لەدەریاو
لەباخچەو
لەبەهەشتی... سوڵتانەکان!
لەماڵو
لەمەکتەبو
لەیاسای... ئەمیرەکان!
لەقسەو
لەهاوارو
لەگۆرانی... پادشاکاندا، وەرە دەرێ!
وەرە دەرێ،
ئەی ڕاستەقینەترین سێبەرم!
وەرە دەرێ،



ئەی حەقیقەترین ڕەگم!
وەرە دەرێ،
لەناو پرسیاری ئەو مامۆستایانەی،
دڵیان پڕە... لەڕقو
لەسزاو
لەکوشتن!
وەرە دەرێ،
لەناو دێراوی ئەو باخەوانانەی،
سینەیان پڕە... لەدووکەڵو
لەبوغزو
لەتاوان!
وەرە دەرێ،
لەناو تابلۆی ئەو نیگارکێشانەی،
خەیاڵیان پڕە... لەجەنگو
لەدیلیو
لەهەڵهاتن!
وەرە دەرێ،

ئەی میهرەبانترین لێکچووی من!
وەرە دەرێ،
ئەی نیانترین دۆستی من!
وەرە دەرێو
با بۆ پیری... پێکەنینەکانمان دابەشکەین،
بەدزیی گەردوونەوە!
با بۆ یادگاری... خەونەکانمان بگێڕینەوە،
بەدزیی سروشتەوە!
با بۆ ئەم ئاشووبگێڕەی نێوانمان،
تەنهاییەکانمانو
گریانەکانمانو
دوورییەکانمان... باسکەین،
بەدزیی موعتادییەکەیەوە!
وەرە دەرێ،
با ئەم موعتادە ئاشووبگێڕە،
بەرینە بەردەمی یەکەمین خەنجەرو... ڕیسوایکەین!
با ئەم موعتادە ئیفلیجە،



بەرینە بەردەمی یەکەمین زیندانو... زەلیلیکەین!
با ئەم موعتادە قاسییە،
بەرینە بەردەمی یەکەمین گۆڕو... 'تف'ی تێکەین!
وەک چۆن ئەو،
ماڵی پێکەوەبوونی ئێمەی... ڕووخاند!
وەک چۆن ئەو،
دەستی پێکەوەبوونی ئێمەی... شکاند!
وەک چۆن ئەو،
خوێنی پێکەوەبوونی ئێمەی... لەبەردەمی،
خوداکانو
شاعیرەکانو
مێژوونوسەکاندا... ڕژاند!
وەرە دەرێو
با ئەم ئاشووبگێڕە موعتادە،
وەک ئەسپ سوارێکی گەمژەو
وەک ژەنەڕاڵێکی ترسنۆکو
وەک خەزنەدارێکی ڕەزیل

ببەینە بەردەمی،
یەکەمین دادگاو
یەکەمین سووتانو
یەکەمین کوێربوونو
لێی بپرسین: نێوانی ئێمە،
کەئاوسو پڕبوو،
لەعەترو
لەهەتاوو
لەپیرۆزی!
دەستەکانی ئێمە،
کەتەڕو خوساوبوو،
بەوەفاو
بەگوڵو
بەجوانی!
ڕێگاکانی ئێمە،
کەهەڵچنراوو تەنراوبوو،
بەباخچەو



بەڕووناکیو
بەمیهرەبانی!
بۆچی... گوناهبارت کرد؟
بۆچی... گڕت تێبەردانو
بۆچی... ڕەشت کردنەوە؟
ئەی ئاشووبگێڕی موعتاد!
تۆ... ئەو دەمەی هاتیتو
وەک ڕێگرێکی دڵ پڕ لەقین،
سەرەڕێگاکانت پێگرتینو
لەیەکت جیاکردینەوەو
تاڵانت کردین!
وەک چەتەیەکی چاوچنۆک،
سێبەرەکەمت، لەمنو
منیشت لەسێبەرەکەم،
فڕاندو دزیی!
ئەی ئاشووبگێڕی موعتاد!
جەنگەڵت چۆن ڕازیکرد؟

ببێتە ئاشووبی نێوان... منو سێبەرەکەم!
جەنگەڵت چۆن فریوودا؟
باشووری خۆی بکاتە زیندان... بۆ سێبەرەکەمو
باکووریشی بکاتە پاسەوان... بۆ هەڵنەهاتنی من!
ئەی ئاشووبگێڕی موعتاد!
پێمبڵێ: چۆن؟
چۆن جەنگەڵ پێیکرا،
سەوزیی خۆی بدۆڕێنێ،
بەڕەشیی ئاشووبە موعتادەکانی... تۆ؟
چۆن جەنگەڵ غیرەتی کرد،
ئازادیی خۆی بفرۆشێ،
بەزیندانەکانی ئاشووبی کۆیلەیی... تۆ؟
جەنگەڵ،
چۆن لەقەرەباڵغیی خۆیدا پەرژایی؟
لەدڵی سنەوبەردا،
زیندانێک هەڵکۆڵێ... بۆ منو
بەسووری گێلاس بڵێ:



ببە پاسەوانی ئەم دیلە... کەسێبەرەکەمە!
ئاه... ئەی سێبەری ڕاستەقینەم!
من... لەئەوەڵین باخچەوە تێگەیشتم،
سروشت...ماڵی ئێمە نییەو
موعتادی ئیماندارانە!
من... لەئەوەڵین ئەستێرەوە تێگەیشتم،
ئاسمان... ماڵی ئێمە نییەو
موعتادی گوناهکارانە!
من... لەئەوەڵین ڕێگاوە تێگەیشتم،
زەمین... ماڵی ئێمە نییەو
موعتادی خوداکانە!
من... لەئەوەڵین مرۆڤەوە تێگەیشتم،
گەردوون... ماڵی ئێمە نییەو
موعتادی جەلادانە!
من... لەئەوەڵین جەنگەوە تێگەیشتم،
مێژوو... ماڵی ئێمە نییەو
موعتادی سیاسەتبازانە!

من... لەئەوەڵین جەنگەڵەوە تێگەیشتم،
خودا... ماڵی ئێمە نییەو
موعتادی ئاشووبگێڕەکانە!
ئاە... ئەی سێبەری ڕاستەقینەم!
تۆ کەلەشەودا... سوڵتانی،
خوداو
ئاسمانو
جەنگەڵەکانی!
تۆ کەلەشەودا... حاکمی،
بەهەشتو
باخچەو
کێوەکانی!
تۆ کەلەشەودا... ئەمیری،
گەردوونو
ئەستێرەو
ڕێگاکانی...وەرە دەرێ!
وەرە دەرێو



ئەم موعتادە ئاشووبگێڕە،
کوێرترە لەوەی بتبینێت!
گەمژەترە لەوەی هەستت پێبکات!
زەلیلترە لەوەی ڕێگاکانت لێتێکبدات!
بچکۆلەترە لەوەی بەدووت بکەوێت!
ترسنۆکترە لەوەی قفڵی زیندانەکانت کلۆم بدات!
کەڕترە لەوەی،
هەست بەشەقەی باڵەکانت بکات... لەهەڵهاتنتدا!
هەست بەهەڵهاتنت بکات... لەفڕینداو
هەست بەفڕینت بکات... لەگەیشتندا، بۆ لای من!
تۆ... ئەی پاسەوانی زیندانی منو سێبەرەکەم،
لەم جەنگەڵە دەستەمۆیەدا،
بە بەرگی موعتادترین ئاشووبگێڕەوە!
تۆ... ئەی جەلادی خوێنمژی منو سێبەرەکەم،
لەم جەنگەڵە ترسنۆکەدا،
بە ماسکی ئاشووبگێڕترین موعتادەوە!
کەتاوانەکانی خۆتانو

گوناهەکانی خوداتان،
خستە ئەستۆی ئێمەو
وەک کافرێکی ئەبەدی، کەوتنە تاڵانکردنمان!
وەک دیلێکی جەنگ، کەوتنە پشکنینمان!
ئەو... ئەڵماسو
زێڕو
تەڵایانەتان... چی لێکرد،
کەلەناو خوێنی ئێمەدا بوو؟
ئێمەتان، کەوەک خەتاکارێکی گەردوونی گرتو
ویستتان خیانەتەکانی زەمین،
بدەنە پاڵ پاکییزەیی ئێمەو
کەئێمەتان، جیاکردەوە لەبێگەردی خۆتان،
ئەو... میهرو
عەشقو
پاکێتییەتان... چی لێکرد،
کەلەنێوانی ئێمەدا بوو؟
کەبەدرۆو توڕەبوونە بێماناکانی خۆتان،



لەبەهەشت دەرتانکردینو
ئێمەتان زیندانی کرد،
ئەو... هەنسکو
فرمێسکو
هاوارانەتان... چی لێکرد؟
کەلەنووری ئێمەو
کەلەنێوانی ئێمەو
کەلەتەنهایی ئێمەدا بوو؟
تۆ... ئەی ئاشووبگێڕترین موعتاد!
کەوەک تاڵانچییەکی بێشەرم،
خۆتکرد بەماڵی ئێمەداو
کەوەک خودایەکی چاوسوور،
لێمان توڕەبوویتو
کەوەک پیاوکوژێکی بەسەلیقە،
زیندانیت کردین؟
چیت لەماڵی... منو سێبەرەکەم کرد؟
ئەو گۆرانییانەت،

بۆ خنکاندو لەناوت برد،
کەبەتەنافی حەوشەکەمانەوە... هەڵمانواسیبوو؟
ئەو چیرۆکانەت،
بۆ سەربڕی‌و کوژانتەوە،
کەبەپەنجە لەسەرتەمی پەنجەرەکان... نوسیبوومانەوە؟
ئەو باڵندانەت،
بۆ هەڵفڕاندو تەرەتکرد،
کەهەموو رۆژێک بەدەنووک،
ئینجانەکانییان بۆ پڕدەکردین... لەبەهارو لەموحیبەت؟
ئەو گوڵانەت،
بۆلەرەگەوە هەڵکێشاو سوتاندت،
کەسپێدان جێگاکانیان پڕدەکردین... لەعەترو لەعەشق؟
ئەو تابلۆیانەت،
بۆشکاندو فڕێتدا،
کەهەمیشە دەستیان بەدوعاوە بوو... بۆ جوانی ئێمە؟
ئەو حەوزانەت،
بۆ پڕکرد لەخوێن‌و ئێسقان،



کەبەخاتری هیلاکی‌و دڵتەنگی ئێمە،
بەردەوام شیعریان دەخوێندەوە؟
ئەی موعتادترین ئاشووبگێڕ!
ئێستاکە تۆ پیربوویت‌و
حەوسەڵەت نەماوە،
بۆگرتن‌و
جیاکردنەوەو
سزادانی... من‌و سێبەرەکەم!
ئێستاکە تۆ لاوازبوویت‌و
توانات نەماوە،
بۆپاسەوانی‌و
بۆزیندانی‌و
بۆ دوورخستنەوەی ئێمە... لەیەکتری!
کوان؟
ئەو ئەمیرو سوڵتان‌و پادشایانەی،
کەتۆ بەخاتری سیاسەتی ئەوان دەجەنگایت‌و
من‌و سێبەرەکەمت... لەیەک جیاکردەوە؟

کوان؟
ئەو جەنگەڵو خوداو پاسەوانانەی،
کەتۆ بۆ ڕازی بوونی دڵی ئەوان،
منو سێبەرەکەمت... زیندانی کرد؟
ئەی ئاشووبگێڕترین موعتاد!
تەماشاکە!
ئێستاکە بێئەوان... چەند تەنهایت!
بێئەوان... چەند بێغیرەتو
ئێستاکە، چەند زەلیلی... بێئەوان!
ئاخر... ئەوان،
هەموویان وەک قالۆنچە،
لەناو گوناەو
لەناو تاوانو
لەناو زیندانەکانی خۆیاندا... مردن!
هەموویان وەک کرم،
لەناو شارو
لەناو جەنگەڵو



لەناو ماڵەکانی خۆیاندا... کوژران!
ئەی موعتادترین ئاشووبگێڕ!
تەماشاکە!
ئەوان،
چۆن لەبەردەمی ئاوێنەکاندا، خۆیان سووتاند!
چۆن لەکەنار دەریاکاندا، خۆیان خنکاند!
چۆن لەناو خۆڵەمێشەکاندا، خۆیان وونکرد!
ئەی ئاشووبگێڕترین موعتاد!
تەماشاکە... تەماشا!
بێئەوان...،
بویتەتە چ تۆزێکو
فڕینی ئێمە... چۆن پەرشت دەکا!
بویتەتە چ هەڵمێکو
فڕینی ئێمە... چۆن لەناوت دەبا!
بویتەتە چ پوشێکو
فڕینی ئێمە... چۆن تەماشات دەکا!
ئەی ئاشووبگێڕترین موعتاد!

ئیدی تۆ بێئەوان،
یان دەبێت بمریت!
یان دەبێت خۆتبکوژی!
ئەی موعتادترین ئاشووبگێڕ!
ئیدی تۆ بێئەوان،
دەبێت بمری!
دەبێت خۆتبکوژی!
بێئەوان...
دەبێت بمری!
دەبێت خۆتبکوژی!
ئەی موعتادترین ئاشووبگێڕ!



(6)

## ئەستێرە تۆراوەکانی، فەلەکناس!

مەودای دووریی نێوان منو تۆ،
وەرزێکە!
بەدەستە باریکو
چکۆلەکانی... "ڕێواس"!
لەوەوبەر،
هەموو ڕۆژێک دەمبینیو
ماچی یەکترمان دەکرد!
لەوەوبەر،
هەموو سپێدانێک،
دەستی یەکترمان دەگرتو
تا ئەو شوێنەی دڵمان دەیخواست،
دەڕۆیشتینو، گۆرانیمان دەگووت!

لەوەوبەر،
هەموو ئێوارانێک،
دوور دوور دەکەوتینەوەو
تەماشای خۆرنشینو
تەماشای خۆمانو
تەماشای ئەو ڕێگایانەمان دەکرد،
کەبەرلەئێمە... ڕێگا نەبوون!
لەوەوبەر،
دەچوینە باخچەکانو
وورد دەبوینەوە،
لەخەیاڵی تەنکی گوڵو
لەهەناسەدانی گیاو
لەشەڕی بێدەنگی دەمەشێرەکان!
لەوەوبەر،
دەهاتینە بەردەرگاو
لەسەر دیوارەکان،
ئیملای جوانیمان بەیەکتر دەکردو



بۆنمان دەکرد، بەحەرفەکانییەوە!
نەخشەی جیهانمان دەکێشاو
"تف"مان دەکرد،
لەشارو
لەووڵات و
لەقارەکانی!
بەگەورەیی... "ئەو" دەینووسی "هێمن"و
وێنەی دڵێکی دەکێشا!
بەڕەنگاو ڕەنگی... "من"یش دەمنووسی "سێبەر"و
وێنەی تیرێکم دەکێشا!
لەوەوبەر،
نیوەڕوانان خۆمان ڕووتوقووت دەکردەوەو
وەک دوو مناڵی قسەزان،
دەچوینە سەرکێوەکانو
ئاومان دەکرد... بەدەمی خۆرەوە!
وەک دوو مناڵی شەیتان،
بەهارمان... لەدەنووکی باڵندەکان دەدزیو

دەمانپرژاند... بەسەر،
درەختو
باخچەو
دەشتەکاندا!
وەک دوو مناڵی بەئەزموون،
بەپێچەوانەی شەپۆلەکانی دەریاوە،
مەلەمان دەکردو
لێومان دەنا... بەلێوی یەکترەوەو
لێومان دەنا... بەلێوی،
ماسییەکانو
نەهەنگەکانو
قرژاڵەکانەوە!
لەوەوبەر،
بەرلەناسینی ئەم فەلەکناسە قەمبوورە!
هەمیشە گەرەکمان بوو... هێندە گەورەبین!
یان... هێندە بفڕین!
تاکو دەستمان بگاتە ئەستێرەیەکی‌ترو



ئاوەدانی کەینەوە!
تاکو دەستمان گیربێت لەهەسارەیەکی‌ترو
بیژێنینەوە!
تا...
بۆ هەتا هەتایە... ئەم زەوییە لەیادکەین!
بۆ هەتا هەتایە... ئەم سروشتە بەنەعلەتکەین!
بۆ هەتا هەتایە... نەفرەت بکەین لەم خودایەو
جێی بهێڵین!
وەلێ ئەفسووس،
ئەم فەلەکناسە قەمبوورە هاتو
هەرچی جوانیمان هەبوو... فڕێیدا!
هەرچی یادگاریمان هەبوو... سووتاندی!
هەرچی خەونمان هەبوو... لەناوی برد!
ئەی قەمبوورترین فەلەکناسی،
سەر ئەم زەوییە دۆزەخییە!
دڵنیابە..،
تاکۆتایی ئەم وەرزە... تۆ دەمریتو

منیش... دەگەمەوە بەسێبەرەکەم!
دڵنیابە،
تاکۆتایی ئەم وەرزە... تۆ لاڵ دەبیتو
منیش... گۆرانی دەڵێمەوە بۆ سێبەرەکەم!
دڵنیابە،
تاکۆتایی ئەم وەرزە... تۆ کوێر دەبیتو
منو سێبەرەکەشم،
دەچینەوە بۆ بەهەشت... بەبێ تۆ!
لەئەستێرەیەکیتردا دەژین... بەبێ تۆ!
دەفڕینەوە بۆ ئاسمان... بەبێ تۆ!
ئەی فەلەکناسی قەمبوور!
دڵنیابە،
کۆتایی ئەم وەرزە،
کۆتایی زانینی... بەتاڵو پوچی تۆیە!
کۆتایی ئەم وەرزە،
کۆتایی ژیانی... پڕ لەگوومانو ترسی تۆیە!
کۆتایی ئەم وەرزە،



سەرەتای هەڵدانەوەی، گوناهەکانی تۆو
سەرەتای ناسینی عەزابو
سەرەتای دەرکەوتنی، گێلێتییەکانی تۆیە!
ئەی قەمبوورترین فەلەکناس!
تۆ بڕوانە... لەکۆتایی ئەم وەرزەدا،
چەند زەلیلی لەبەردەم، مردندا!
چەند ساویلکەی لەبەردەم، حەقیقەتو
چەند گوناهی لەبەردەم، ژیاندا!
ئەی فەلەکناسی قەمبوور!
کۆتایی ئەموەرزە،
ئیدی... تۆ دەمریتو،
ئێمەش... لەسەر تەرمی پوچی تۆ،
ئاهەنگ دەگێڕینو... دەفڕین!
تۆ دەمریتو
ئێمەش... لەسەر لاشەی تەریقی تۆ،
سەما دەکەینو... دەفڕین!
تۆ دەمریتو

ئێمەش... لەسەر گۆڕی ڕەشی تۆ،
گۆرانی دەڵێینو... دەفڕین!
ئەی فەلەکناسی قەمبوور!
چەند دڵتەنگی... وەختێک،
دەمریتو... ئێمە شادین!
دەمریتو... ئێمە مەستین!
دەمریتو... ئێمە پێکەوەین،
لەژێر بارانو
لەبەر هەتاوو
لەباوەشی، ئەستێرەیەکیتردا!
تەماشاکە،
ئەی قەمبووری فەلەکناس!
تۆ مردوویتو... ئێمە پێکەوەین!
ئەی قەمبووری فەلەکناس!
تەماشاکە،



لاشەی تۆ... چەند ڕەشە،
لەژێر نووری سێبەرو
مردنی تۆ... چەند تەریقە،
لەژێر عەشقی مندا!
تەماشاکە،
ئەی فەلەکناسی قەمبوور... تەماشا!
مردنی تۆ... چەند ڕەشو
لاشەی تۆ... چەند تەریقە!
تەماشا،
مردنی تۆ چەند ڕەشو
لاشەی تۆ چەند تەریقە!
ئەی قەمبووری فەلەکناس!

## (7)
## خەتا سپییەکانی کیمیازان!

مەودای دووریی نێوان منو تۆ،
ڕووبارێکە!
بەدەستە شێدارو
چکۆلەکانی... "ماسی"!
ئەی کیمیازانی ئیماندار!
بۆ ڕقهەڵسانی سرووشت،
بۆ وات... بەسەر کۆڵان و
بەسەر شارو
بەسەر وولاتەکاندا... هێنا؟



بۆ کەشفکردنی خودا،
بۆ پیرۆزیی ڕەنگەکانت... لەکەدارکرد؟
بۆ مۆسیقای گۆرانییەکانت... لەیەکتر هەڵوەشاندەوەو
بۆ زمانی چیرۆکەکانت... لەگۆخست؟
بۆ شیتەڵکردنی نەسەبی "ئاو"،
ئیقاعی بارانت بۆ گۆڕی؟
دڵی گۆمەکانت، بۆ خستە گوومانەوەو
ڕووبارێکت بۆ هێنایە ناو... عەشقی منو سێبەرەکەمەوە؟
ئەی کیمیازانی ئیماندار!
بەخاتری چیبوو؟
زەینی زەویت ...ووشک هەڵگەڕاندو
قوڕگی کۆترەکانت... پڕکرد لەسەحراو
تەڕایت لەو نامانەدا نەهێشت،
کەعاشقان... بۆ یەکتریان دەنووسی؟
دەریاکانت کردە دەرەوەی،
یاساکانی ژیانو
دوعات لەهەور کرد،

ئیدی لەبری باران،
بەردو
خۆڵو
مەرگ... بباریێنێ!
حەوزەکانیشت هاندا،
لەبری ئەوەی... بە"ئاو" ئاوسبن!
لەبری ئەوەی... "ئاو" پاشەکەوت بکەنو
لەبری ئەوەی... "ئاو"یان خۆشبوێت؟
خۆیان ئاوسکەن،
بەگڕو
بە"با"و
بەمێرووله!
پاشەکەوتی،
ژنو
بەرسیلەو
تەیرەئەبابیلە... بکەن!
بەردو



جەنگو
خۆریان... خۆشبوێت!
گۆمەکانیشت فێرکرد،
لەبری ئاوسبوونیان بە"ئاو"،
بەگیا... ئاوسبن!
لەبری پاشەکەوتی "ئاو"،
شەو... پاشەکەوت بکەنو
لەبری خۆشەویستییان بۆ "ئاو"،
پەپوولەیان... خۆشبوێ!
بەخاتری چیبوو؟
ئەی ئیماندارترین کیمیازان!
پیمبڵێ: بۆ خاتری چیبوو... چی؟
ڕووبار وەختێک... بەعیشوەوە مەوجی ئەدا،
بۆ پشتت تێدەکردو
دەموچاوت گرژ دەبوو؟
باران وەختێک... نازی دەکردو ئەباری،
بۆ ڕاتکردە ژوورەوەو

هەردوو گوێی خۆتت،
بەپۆلاو
بەمسو
بەتێزاب... ئاخنی؟
باخچە وەختێک...
خۆی سەرڕێژ دەکرد لە"ئاو"و ئەتریقایەوە،
بۆ کوفرت دەکردو
جیهانت دەدایە،
بەرجوێنو
بەر"تف"و
بەرنەعلەت؟
ئەی کیمیازانی ئیماندار!
گوناهی من چیبوو؟
کاتێک بەفر دەباری،
تۆ هێڵنجت ئەدایەوەو
دەتگووت: ئەم بەفرە نەعلەتییەش،
لەجنسی ئاوە... ئاو؟



کاتێک هەور بەری خۆری دەگرت،
تۆ شپرزە دەبوویتو
دەتگووت: ئەم هەورە نەعلەتییەش،
بارانی لەدوایە... باران؟
پێمبڵێ: ئەی ئیماندارترین کیمیازان؟
سوچی من چیبوو؟
تا بە"ئاو"، سزام بدەیت؟
سوچی من چیبوو؟
تا بەپێوانەی ڕووبارێک، حوکمم بدەیت؟
سوچی من چیبوو؟
تاسێبەرەکەم لەوبەری دەریا، بتاسێنیتو
منیش لەمبەری ڕووبار، زیندانی بکەیت؟
پێمبڵێ: ئەی کیمیازانی ئیماندار؟
تۆ،
کەچاوت بە"ئاو" کوێر دەبێتو
حەقیقەتت بە"ئاو" غەمگین دەبێتو
دڵیشت... بە"ئاو" تەنگ!

گوناهی من چییە؟
تۆ،
کەجەستەت لە"ئاو"دا شیدەبێتەوەو
قاچت لە"ئاو"دا ئیفلیج دەبێت‌و
خوێنیشت... لە"ئاو"دا دەپژێ!
سوچی سێبەرەکەم چییە؟
تۆ کەئیمانداری،
بەخوداو
بەسرووشت‌و
بەئەفسانەکان؟
ئیدی سزای من... بۆ بەڕووبارەکان دەدەیت؟
ئیدی بۆ تۆڵەی"ئاو"... لەسێبەرەکەم دەکەیتەوە؟
دونیای تۆ... کەپڕە،
لەپرگال‌و
لەهاوکێشەو
لەماتماتیک!
دونیای منیش... پڕە،



لەئەوین‌و
لەخەون‌و
لەباران!
جیاوازی نێوان من‌و تۆ،
ئەی کیمیازانی ئیماندارا!
شتێکە بچووک بچووک!
حوکمی تۆ،
ژیانی منە،
بەبێ سێبەرو حەقیقەت‌و ئاو!
حوکمی‌من،
ژیانی‌تۆیە،
بەبێ‌ئیمان‌و ژمارەو هاوکێشە!
سزای تۆ،
گوزەراندنی منە،
بەبێ بوونی شیعرو ئاوێنەو جوانی!
سزای من،
گوزەراندنی تۆیە،

بەبێ بوونی دیلو سەرۆکو ڕق!
گوناهی تۆ،
دڵخۆشبوونی منە،
بەبێ حازریی عەشقو یادەوەریو سەما!
گوناهی من،
دڵخۆشبوونی تۆیە،
بەبێ حازریی خوداو یاساو بەهەشت!
ئەی ئیماندارترین کیمیازان!
تۆ کەپێتناکرێ،
هاوکێشەی وجودی منو سێبەرەکەم... هاوسەنگکەیت؟
تۆ کەناتوانی،
ژمارەی بەختی منو سێبەرەکەم... کۆبکەیتەوە؟
تۆ کەتاقەتو حەوسەڵەت نییە،
ئەو دۆستایەتیو پێکەوەییەی منو سێبەرەکەم،
لەژێرڕەگی،
هیچ میللەتێکو
هیچ زەمینێکو



هیچ یاسایەکدا... دەربهێنی؟
ئیدی بۆ..،
تاوانبارم دەکەیتو
سزام ئەدەیت؟
ئیدی بۆ،
لەبەهەشتو
لەماڵو
لەباخچەکاندا... دەرمدەکەیتو
زیندانیم دەکەیت؟
ئەی کیمیازانی ئیماندار!
"ئاو"... لەتوانایدا هەیە بتخنکێنێتو
ئەسەفێکت بۆ نەخوازێ؟
گۆمێک... دەتوانێت،
تەواوی ڕیتمو
تەواوی ئیمانتو
تەواوی پیرۆزییەکانت،
بۆ ئەبەد دیل بکاتو

پرسیشت پێ نەکات؟
ڕووبار... دەتوانێتو پێشی دەکرێت،
هەموو ئەو ژمارانەی تۆ دەیانپەرستیو
خۆشتدەوێن!
لەماڵی خۆیاندا ئاوەژوویان کاتەوەو
دەریانکات... لەخانە بەتاڵەکانی خۆیاندا!
بەچەشنێک بۆت بەرشو بڵاوکاتەوە،
تۆ... گەر قیامەتیشت بدەنێ،
نەتوانیت... بیاندۆزیتەوەو
ڕێکیان بخەیتەوەو
لەجێگاکانی خۆیان... ڕیزیان بکەیتەوە!
هەموو ئەو هاوکێشانەی تۆ،
هاوسەنگت کردوونو
تاقی تەنهایتت پێڕازاندۆتەوەو
شوناست داونەتێ!
هاوسەنگیەکەیانی لێزەوت کاتو
دانە بەدانە،



لەناو خشتەکانی خۆیاندا، تەریقیان بکاتەوەو
لەناو بێئەدرەسییەکی کوشندەیا ...وێڵیان کات!
ئەو بیردۆزانەشی کەئامادەیت،
تەواوی ڕووناکی دونیایان لەسەرخامۆشکەیت!
لەومتمانەو
لەوبەهەشتو
لەو ئیمانداریيەی کەهەیانە،
دوودڵیان بکاتو
لێت یاخی ببن!
تاکو مردنیش،
تۆ نەتوانی،
نە دوودڵییان یەکلابکەیتەوە،
نە تەمومژی ئەو گومانانەی،
کەبەم دواییانە ڕووبار خستۆتیە ناویانەوە،
دەربازو قووتاریان کەیت؟
ئیدی تۆ،
ئەی کیمیازانی نەفام!

ئەی ئیمانداری گێل!
تۆ... کە لەئەزەلەوە بەچاوی،
گومانو
ترسو
دوو دڵییەوە... لە"ئاو" دەڕوانیت!
ئیدی چۆن سزای من، بە"ئاو" ئەدەیت؟
تۆ... کە لەیەکەمین چرکەساتی خۆتەوە،
جەنگێکی دوورو درێژو
ڕقێکی کۆنو ئەستوورت،
لەگەڵ "ئاو"دا، هەیە؟
ئیدی چۆن ڕووبار دەکەیتە،
پاسەوانی زیندانی سێبەرەکەم؟
ئاە... ئەی کیمیازانی ئیماندار!
تۆ لەوەنەفامتری... دەستکاری حەقیقەتی من بکەیت!
تۆ لەوەگێلتری... سێبەری من زیندانی بکەیت!



ئیدی تۆ،
شایەنی مردنی!
ئیدی تۆ،
قابیلی کوشتنی!
تۆ... دەبێت بمری!
تۆ... دەبێت بکوژرێیت!
ئەی کیمیازان!
ئەی ئیماندار!

(8)

## باخچە زیندانییەکانی، باخەوان!

مەودای دووریی نێوان منو تۆ،
باخچەیەکە!
بەدەست بۆندارو
چکۆلەکانی... "لاولاو"!
من... گومانم هەیە!
وەختێک لەوپەڕی،
بێزارییو
تەنهاییو
توڕەیمدا... چومە باخچەکانەوە!



بینیم،
لەجێی هەر نەمامێک،
بۆمبو
فیشەکو
باروت... چێنراوە!
لەشوێنی هەر دیراوێکدا،
سەنگەرێک بۆ شەڕکردن،
دژی جوانیو
دژی خۆشەویستیو
دژی سێبەر... هەڵکەنراوە!
لەبری هەر پەرژینێک،
پاسەوانێکی کەڕو
پاسەوانێکی تووڕەو
پاسەوانێکی بەدحاڵ... چەقێنراوە!
لەجیاتی هەر درەختێک،
لافیتەیەک... بۆ ڕێگریی لەڕووناکیو
ئاگاهینامەیەک... بۆ نەهاتنە ژوورەوەی "با"و

تەلبەندێک... بۆ ڕێپێنەدانی،
عاشقانو
تەنهاکانو
مەستەکان... دانراوە!
لەسەرکەپری هەر میوەیەکیشدا،
جاسوسێکو
جوێن فرۆشێکو
خوێن ڕێژێکیان... داناوە!
هەرکەبینیشیان،
خەریکە دەچمە ناو باخچەکەوە،
کەوتنە... ڕاونانو
دەرکردنو
قیژە قیژ... بەسەرمدا!
گووتیان: چییە برادەر؟
دەڵێی: گێلی
یان... نەفام
یان... بێئاگا!



وەها بێباکانە، خۆت دەکەیت بەناو باخچەدا؟
بەزەرفێک نوقڵو
گیرفانێک گوڵەبەڕۆژەو
تەنهاییەکی مەستەوە!
دەڵێی: بێگانەیت؟
یان... نوستوو
یان... سەرخۆش!
ئیدی... تاکەی فێردەبیت،
باخچە جێگایەک نییە،
بۆ پشوو
بۆ پیاسەو
بۆ تێڕامان؟
لەگەڵ... خۆتو
تەنهاییو
سێبەرەکەتدا!
ئیدی... تاکەی ڕادێیت،
باخچە شوێنێک نییە،

بۆ دانیشتن‌و
بۆ چاوەڕوانی‌و
بۆ سادەبوونەوەت؟
لەگەڵ... خۆت‌و
ئەندێشەو
سێبەرەکەتدا!
من... پڕم لەگومان!
وەختێک،
باخەوان هاواری کردو، گووتی:
باخچە... ماڵی خودایە لەسەر زەوی!
باخچە... ماڵی سرووشتە لەناو چەقی زەوی!
باخچە... ماڵی ئەفسانەیە لەناو لەپی زەوی!
وەک بڵێیت:
شەوبێت‌و، خەون ببینم!
هەڵهاتوویەکبم‌و، پێزانرابێتم!
بەداڵغەدا چوبێتم و، ڕایانچڵەکانبێتم!
من...وەها بووم!



باخەوان، بەردەوام دەیگووت:
تۆ... کەدێیتە باخچەوەو
دەمدەنێیتە نێو دەمی سێبەرەکەتەوەو
ڕووت دەبنەوەو
شیعر دەخوێننەوەو
مەست دەبن!
خودا... پەست دەبێت‌و
ئیدی مەیەن!
تۆ... کەدێیتە باخچەوەو
قۆڵ دەکەیت بەقۆڵی سێبەرەکەتداو
بەقوڵی قسەدەکەن‌و
بەقوڵی داڵغەلێدەدەن‌و
بەقوڵی دەگرین!
سرووشت... ئیقاعی تێکدەچێت‌و
ئیدی مەیەن!
تۆ... کەدێیتە باخچەوەو
بەتەنها لەگەڵ سێبەرەکەتدا پیاسە دەکەیت‌و

باسی عەشقو
باسی جاویدانیو
باسی پیرۆزی... دەکەن!
ئەفسانەکان... نەخۆش دەکەونو
ئیدی مەیەن!
من... غەرقی ناو گومانم!
ئەی باخەوانی بێوەفا!
تۆ،
لەبری هەرشەتڵێک... بۆمبێکو
لەبری هەرگوڵێک... جاسوسێکو
لەبری هەردرەختێک... سەرۆکێکت، ڕواندووە!
ئیدی،
باخچە چۆن ووشک نابێ؟
باخچە چۆن نەخۆشو
باخچە چۆن، زەلیل نابێ؟
ئەی بێوەفاترین باخەوان!
حەکیمی ئەم باخچەیەت چیلێکرد؟



کەماڵەکەی لەگەڵاو
ویژدانی لەپاتۆنیاو
دڵیشی لەسنەوبەرەکان بوو؟
وای... ئەودەمە باخچە،
پڕبوو... لەعیشوەو
لەگۆرانیو
لەنوور!
کەدەچویتە لایو
سەردانیت دەکرد!
بۆ کوشتت؟
وەفای ئەم باخچەیەت چیلێکرد؟
کەهەمیشە بۆنی،
ڕیحانەو
کالیپتۆسو
شۆڕەبی... لێوە دەهات؟
وای... ئەودەمە باخچە،
پڕبوو... لەشادومانیو

لەسۆزو
لەمیهر!
کەسەردانیت دەکردو
دەچویتە لای!
بۆ ڕاوت نا؟
سەوزایی ئەم باخچەیەت چیلێکرد؟
کەوەختیێک سپێدان خۆری لەسەر هەڵدەهات،
هەرچی هەنارو
هەرچی سێوو
هەرچی بەهێی هەیە،
عەشقیان لێدەچۆڕا؟
وای... ئەودەمە باخچە،
پڕبوو... لەویقارو
لەناسکیو
لەجوانی!
کەدەچویتە لایو
سەردانیت دەکرد!



بۆ زەرد هەڵتگەڕاند؟
سیمای ئەم باخچەیەت چیلێکرد؟
کەوەختیێک تەماشای دەکردیت،
نیگاکانی،
لەنیلوفەرو
لەگوڵەباخو
لەنازناز... دەچوون؟
وای... ئەودەمە باخچە،
پڕبوو... لەمۆسیقاو
لەڕەنگو
لەپێکەنین!
کەسەردانیت دەکردو
دەچویتە لای!
بۆ گڕت تێبەردا؟
لوقمانی ئەم باخچەیەت چیلێکرد؟
کەهەموو شەوێک... دڵی لای گوڵەکان دادەناو
جەستەشی لەڕەنگی،

پرتەقاڵو
گێلاسو
قۆخ بوو؟
وای... ئەودەمە باخچە،
پڕبوو... لەئەستێرەو
لەپرشنگو
لە"با"!
کەدەچویتە لایو
سەردانیت دەکرد!
بۆ ئابڕوویت تکاند؟
ئەی باخەوانی بێوەفا!
سێبەری منو
سێبەری باخچەت... چیلێکرد؟
سێبەری من،
بەشێکی... لەجنسی خەونو
بەشەکەی تریشی... لەجنسی خودا بوو!
سێبەری باخچەش،



بەشێکی... لەناو میللەتەکانو
بەشەکەی تریشی... لەناو بەهەشتدا بوو!
سێبەری من،
لەسپێداندا بۆنی هەڵاڵەو
لەنیوەڕواناندا بۆنی شەونمو
لەشەوانیشدا بۆنی تریفەی... لێوەدەهات!
سێبەری باخچەش،
لەسپێداندا لەڕەنگی ئەرخەوانو
لەنیوەڕواناندا لەڕەنگی پیرۆزەییو
لەشەوانیشدا لەڕەنگی زەردەپەڕ... دەچوو!
سێبەری من،
بەرلە وونبوونی... پڕبوو،
لەخەونو
لەگوڵو
لەئەوین!
سێبەری باخچەش،
بەرلە تۆرانی... پڕبوو،

لەئاسوودەیی‌و
لەژیان‌و
لەگەورەیی!
ئەی بێوەفاترین باخەوان!
سێبەری منت... لەچ شوێنێکدا وونکرد؟
سێبەری منت... لەچ کاتێکدا دڵتەنگ‌و
سێبەری منت... لەچ باخچەیەکدا ڕەنجاند؟
ئەی باخەوانی بێوەفا!
سێبەری باخچەت... لەماڵی چ سۆزانییەکدا بەخشی؟
سێبەری باخچەت... لەگەڕەکی چ سوپایەکدا شاردەوەو
سێبەری باخچەت... لەشاری چ قوماربازێکدا دۆڕاند؟
ئەی بێوەفاترین باخەوان، بمدەرەوە!
بمدەرەوە،
سێبەری خۆم‌و
سێبەری باخچە!
تا گوڵەکانی باخچە سەوز دەبێت،
بمدەرەوە... سێبەری خۆم!



تا عەشقی من گەورە دەبێت،
بمدەرەوە... سێبەری باخچە!
ئەی باخەوانی بێوەفا!
بمدەرەوە..،
سێبەری باخچەو
سێبەری خۆم!
تا لەبۆنی گوڵەکانی باخچە تەواو دەبم،
بمدەرەوە... سێبەری باخچە!
تا باخچە لەڕەنگکردنی من تەواو دەبێت،
بمدەرەوە... سێبەری خۆم!
ئەی بێوەفاترین باخەوان!
تا باخچە نەیکوشتویت،
سێبەرەکانمان بدەرەوە!
تا من نەمسووتاندویت،
سێبەرەکانمان بدەرەوە!
ئەی باخەوانی بێوەفا!

باخچە دەتوانێت،
بپارێتەوە... بکوژرێت!
من دەتوانم،
دوعا بکەم... بمریت!
دڵنیابە،
باخچە دەتوانێت،
بپارێتەوە... بکوژرێت!
من دەتوانم...،
دوعا بکەم... بمریت!
ئەی باخەوان!
ئەی بێوەفا!



(9)

## جەنگە تاعوونییەکەی، تیمارکەر!

مەودای دووریی نێوان منو تۆ،
قەهرێکە!
بەدەستە خوساوو
چکۆلەکانی... "ئاو"!
ئەی تیمارکەر،
ئەو قەهرە چییە؟
کەخزاندوتەتە نێوان، منو سێبەرەکەمەوە؟

ئەو تەمە پڕقەهرەت،
بۆ لەسێبەرەکەم ئاڵاندووە؟
تاکو... نەیبینم!
ئەو تۆزە پڕقەهرەت،
بۆ لەمن پێچاوە؟
تاکو... نەمبینێ!
ئەی تیمارکەری ئیفلیج!
تۆ کەتیمارکەری زەمینی،
ماڵی ئێمە... لەسەرزەمین نییە!
ئیدی ئێمە، بۆ سزا دەدەیت؟
تۆ کەتیمارکەری،
دەریاو
باخچەو
ماڵەکانی!
ئێمە... دەریاو
باخچەو
ماڵمان... نییە!



ئیدی ئێمە، بۆ گوناهبار دەکەیت؟
تۆ کەتیمارکەری،
بەهەشتو
ئاسمانو
ئەستێرەکانی!
ئێمە... بەهەشتو
ئاسمانو
ئەستێرەمان... نییە!
ئیدی ئێمە، بۆ منەتبار دەکەیت؟
ئەی ئیفلیجترین تیمارکەر!
ئازاری قەهرێک،
هەرگیز،
لەئازاری کوشتن سەختترنییە؟
دڵنیابە ئێمە... توانای کوشتنی تۆمان هەیە!
برینی قەهرێک،
هەرگیز،
لەبرینی تەنهایی سەختترنییە؟

دڵنیابە ئێمە... توانای تەنهاکردنی تۆمان هەیە!
چاوەڕوانی قەهرێک،
هەرگیز،
لەچاوەڕوانی ژیان سەختترنییە؟
دڵنیابە ئێمە... توانای سەندنەوەی ژیانی تۆمان هەیە!
ئەی تیمارکەری ئیفلیج!
تۆ کە لەماڵی سێوەکاندا بریندار بوویتو
خەریک بوو،
دەکەوتیتە خوارەوە... بۆ ناو دۆزەخ!
فڕینی ئێمە بوو،
تۆی ڕزگارکرد!
تۆ کە لەکۆڵانی مانگدا دیل بوویتو
خەریک بوو،
دەیاندایتە... بەر دەستڕێژی گوناه!
فڕینی ئێمە بوو،
تۆی دەربازکرد!
تۆ کە لەشاری پیاوکوژاندا،



وەک هەڵهاتوویەک گیرابویتەوەو
خەریک بوو،
بەدەرزی... چی ڕووناکی لەجەستەتا هەیە،
دەریبهێنن!
فڕینی ئێمە بوو،
تۆی لێوونکردنو
شاردمانیتەوە!
ئەی ئیفلیجترین تیمارکەر!
وەفای تۆ،
ئەو کوپە پڕقەهرە بوو،
کەدات بەمنو لەسێبەرەکەمت جیاکردمەوە!
وەفای تۆ،
ئەو ڕێگا پڕقەهرەیە،
کەسێبەرەکەمت پیا ناردە ئەوبەری وونبوونەوە!
ئەی تیمارکەر!
ئەوەی تۆ دەیکەیت،
گوناهێکە تائەوپەڕی پێخۆشبوونی خودا... بەمن!

تاوانێکە تائەوپەڕی کەیفی سرووشت... بەسێبەرەکەم!
سزایەکە تائەوپەڕی تریقاندنەوەی زەوی... بەئێمە!
ئەوەی تۆ دەیکەیت،
ئاوەژوبوونەوەی یارییەکە... لەدڵی مێژوودا!
هەڵەتێگەیشتنی وەفایە... لەلای ئەفسانەکان!
خراپ تەفسیرکردنیجوانییە... لەناو گەردووندا!
ئەوەی تۆ دەیکەیت،
بریندارکردنی باخچەیە... لەبەهاردا!
پێچەوانە سەیرکردنی ئەستێرەیە... لەشەودا!
شکاندنی ئاوێنەی کچێکە... لەتەنهایدا!
بەتاڵکردنەوەی نهێنی کوڕێکە... لەعەشقدا!
تەڕکردنی هێلانەی کۆترە... لەجوتبووندا!
هێڵنج دانەوەو،
سەیرکردنی شەونمە... لەسپێداندا!
ئەی تیمارکەری ئیفلیج!



ئەی گوناهبار... بەجیاکردنەوەی منو سێبەرەکەم!
ئەی تاوانکار... بەفریوودانی منو سێبەرەکەم!
ئەی جەلاد... بەکوشتنی پێکەوەیی منو سێبەرەکەم!
ئەی ئیفلیجترین تیمارکەر!
تۆ..،
تا گەڕاندنەوەی سێبەرەکەمو
تا تەواوبوونی، ئەو قەهرەی نێوانمان!
خۆت یەکلاکەرەوە... بۆ کوشتن!
خۆت یەکلاکەرەوە... بۆ مردن!
ئەی تیمارکەری ئیفلیج!
خۆت یەکلاکەرەوە... بۆ مردن!
خۆت یەکلا کەرەوە... بۆ کوشتن!
ئەی تیمارکەر!
ئەی ئیفلیج!

*** *** ***

ئەی نازەنینترین "سێبەری" ڕاستەقینەی من!
دوعابکە،
لەم بۆشاییەدا ...وون نەبین!
بپارێزەوە،
لەم جەنجاڵییەدا... نەمرین!
ئەی سێبەری ڕاستەقینەم!
پاش "سی" ساڵ... لەتەنهایی!
پاش "سی" ساڵ... لەیەکتر نەبینین!
پاش "سی" ساڵ... بەدووی یەکدا گەڕان!
من،
دوور دوور... دەتبینم!
لەناو تەمومژدا... بۆنت دەکەم!
لەخۆمەوە... دەکەویتە زەینمەوەو
بانگت دەکەم!
تۆش،
دوور دوور... دەمبینیت!
لەناو تەپوتۆزدا... بۆنم دەکەی!



لەخۆتەوە... دێمە زەینتەوەو
بانگم دەکەیت!
ئەی دوولبەرترین "سێبەری" ڕاستەقینەی من!
پاش "سی" ساڵ... لەنیشتنەوەمان!
سەعاتەکەم،
لەسەر فڕین میقاتدەکەمو، چاوەڕێتم!
بەرەو ڕووت ڕادەکەمو،
دەڵێم:
شایەت،
ئێستا بەدووومدا بگەڕێت!
یان، لەناو زەمیلەیەک میوەدا... بۆنم بکەیت!
یان، لەناو ئەستێرەکاندا... ڕەنگم ببینیت!
ئەی حەقیقەتترین سێبەرم!
پاش "سی" ساڵ... لەنیشتنەوەمان!
دڵت،
لەسەر فڕین ڕادێنیتەوەو، چاوەڕێمی!
بەرەو ڕووم ڕادەکەیتو،

دەڵێیت:
شایەت،
ئێستا بەشوێنمدا دەگەڕێت!
یان، لەناو قاتی هەزارەمینی کتێبەکاندا... بۆنی دەکەم!
یان، لەناو گەڵاکاندا... ڕەنگی دەبینم!
ئەی پڕنوورترین "سێبەری" ڕاستەقینەی من!
پاش ئەم "سی" ساڵە،
لەناو نیشتنەوەدا تێگەیشتم،
ماڵی ئێمە،
لەسەرزەمین نییە!
هەوڵبدە،
نزیکتر بکەویتەوە لێمو... بتبینم!
هەوڵئەدەم،
نزیکتر بکەومەوە لێتو... بمبینی!
ئەی ڕاستەقینەترین سێبەرم!
دوعابکە،
لەم بۆشاییەدا ...وون نەبین!



بپارێزرەوە..،
لەم جەنجاڵییەدا... نەمرین!
ئیدی ماڵی منو تۆ،
کەسەرزەمین نییە!
با بفڕین!
هەوڵبدە... بفڕین!
هەوڵبدە،
ڕازیبە... بەم فڕینە!
تاقەت پەیداکە... بۆ ئەم فڕینە!
ئیمان بهێنە... بەحەقیقەتی ئەم فڕینە!
ئەی نیانترین "سێبەری" ڕاستەقینەی من!
ئەم فڕینەمان،
بەشێکە لەڕازی نەبوونمان... بەزەوی!
بەشێکە لەباوەڕ نەبوونمان... بەخودا!
بەشێکە لەهەڵهاتنو
لەفڕێدانەوەی... سرووشت!
ئەم فڕینەمان،

بەشێکە لەڕەتکردنەوەی... مێژوو!
بەشێکە لەبەدرۆخستنەوەی... ئەفسانەکان!
بەشێکە لەگوناهە ئەزەلیو
لەتاوانە نەعلەتییەکانی... گەردوون!
ئەی سێبەرم!
فڕینی منو تۆ،
دۆزینەوەی ماڵە... لەشوێنێکی دیکە!
پاکبوونەوەمانە لەگوناە... لەشوێنێکی دیکە!
گەڕانمانە... بەدووی مانا حەقیقییەکانی،
مەرگو
ژیانو
مرۆبوونماندا... لەشوێنێکی دیکە!
ئەی حەقیقەتم!
فڕینی منو تۆ،
بەشێکی... مانەوەمانە لەناو ژیانو
بەشەکەیدی... گەڕانمانە بەدووی مەرگدا!!
فڕینی منو تۆ،



بەشێکە لەژیانو
بەشێکیشە لەمەرگ!
فڕینی منو تۆ،
گەڕانە... لەناو ژیاندا بەدووی مەرگداو
گەڕانیشە... لەناو مەرگدا بەدووی ژیاندا!!
ئەی حەقیقەتترین سێبەرم!
لەم سەرزەمینە گوناهبارەدا!!
فڕینی منو تۆ،
بەشێکە... لەژیانو لەمردن!
فڕینی منو تۆ،
بەشێکە... لەمردنو لەژیان!
دواجار فڕینی منو تۆ... ئەی سێبەرم!
فڕینێکە،
لەدوای "سی"ساڵ... نیشتنەوەمان لەشوێنێکدا،
کە ماڵی منو تۆی لێنییە!
فڕینێکە،
لەدوای "سی" ساڵ... ئەزموونکردنی کارەساتە گەورەکان،

کەگوناەو تاوانەکانی زەمینیان،
لەسەر منو تۆ... تاقیکردەوە!
فڕینێکە،
لەدوای "سی" ساڵ... چاوەڕوانکردنی یەکتریو
ڕازیبوونمان بەنیشتنەوە،
بەخاتری یەکتری!
ئەی ڕاستەقینەترین سێبەرم!
زەمین... کە ماڵی منو تۆ نییە!
هەوڵبدە،
باوەڕبهێنەو... با بفڕین!
باوەشم پیاکەو... با بفڕین!
ماڵئاوایی بکەو... با بفڕین!
چاوەڕێتم،
ئەیحەقیقەتم... چاوەڕێ!
چاوەڕێتم،
لەدایکبەو،
با بۆ هەمیشە... بفڕین!



چاوەڕێتم ئەی سێبەرم... چاوەڕێ!
لەدایکبەو،
با بۆ ئەبەد... بفڕین!
چاوەڕێتم ئەی بەشە ڕاستەقینەکەم... چاوەڕێ!
لەدایکبەو،
با بۆ هەتا هەتایە... بفڕین!
چاوەڕێتم... چاوەڕێ!
ئەی نازەنینترین سێبەری ڕاستەقینەو
ئەی دوولبەرترین سێبەری حەقیقی من!
چاوەڕێتم... با بفڕین!
با بفڕین!
ئەی حەقیقەترینو
ئەی ڕاستەقینەترین... سێبەری من!
چاوەڕێتم... چاوەڕێ!
لەدایکبە..!
ئەی سێبەری هاوڕێم:
چاوەڕێم... لەدایکبە!

• *جەنگو تاعوون،*
*لەوپەڕی گەشەسەندنو*
*بڵاوبوونەوەی خۆیاندانو*
*قاتوقڕییەکی زۆرو بێشوماریشی،*
*بەدووی خۆیدا... هێناوە!*
*مردنیش... بەئەندازەی وەرینی گەڵایە،*
*لەپاییزدا!*

• *کاتیش ...وەک هەمیشە،*
*بەکاتژمێرە میقاتکراوەکەی بەرباخەڵو*
*دەستی... "خاتوونە"،*
*(PM 06:00)ی هەمان ڕۆژە، بەکاتی زستانە!*



**سوپاس بۆ:**

*تەواوی ئەوهاوڕێ و دۆستانەی کەهاوکارییان کردم، بەتایبەت*
*"عەتا محەمەد"ی چیرۆکنووس و "هۆشیاری شێخ ئەنوەر"ی شاعیر...*
*لەگەڵ خۆشەویستی زۆرم بۆیان.*

هێمن حەمەجەزا
hemnhamajaza@hotmail.com